بەکر صدیق

# نوێبونەوە و هەڵبژاردن

2006

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)
سلێمانی ـ گەرەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

* ناوی نامیلکە: نوێبونەوەو هەڵبژاردن
* نووسینی: بەکر صدیق
* تایپ: لێزان سامی، نیاز جەلال
* نەخشەسازو بەرگ: فەهمی جلال
* تیراژ: ١٠٠٠
* ژمارەی سپاردن: (٩٠١) ساڵی ٢٠٠٦
لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)

# پێڕست


| بابەتە | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئاماژە ........................................ | ٥ |
| ئەلتەرناتیفی هەرەسی شۆڕشێك! ........................ | ٧ |
| گەوهەری نوێ بوونەوە، لە (ی. ن. ك)دا ................ | ٢٥ |
| چەند سەرنجو پێشنیارێك لەسـەر دوا پرۆژەكـانی ریفـۆرمی (ی. ن. ك) ........................................ | ٣٣ |
| لەپێناوی چـاكـسازیدا.................................... | ٤٩ |
| هەڵبژاردن ... هەستانەوە ................................ | ٦١ |
| بایـەخی هەڵبژاردنـەكانی (ی. ن. ك) هەڵـسەنگاندنێكی زانستیانە ........................................ | ٧١ |
| پاشكۆ ........................................ | ٨٣ |

# ئاماژە

ئەم ناميلكەيە كۆبەندێكە بۆ چەند وتارێك لەسەر چاكسازى لە ناو (ى.ن.ك) نوسراون لەگەڵ بايەخى ئەو ئامرازەى كە بۆ چاكسازى، دەسەڵاتى باڵاى (ى.ن.ك) پەسەندى كرد. ئەويش ئامرازى هەڵبژاردنە بەمەبەستى سەر لەنوێ ڕێكخستنەوەو كاراكردنى ئۆرگانەكانى (ى.ن.ك). لەگەڵ پاشكۆيەك كە لەسەر پێويستى كۆنگرە نوسراوە كە ئەم نوسينەى دواييان لەسەر كۆنگرەى دووەمى (ى.ن.ك)نوسراوەو پەيوەستە بە هەلومەرجى ئەوساى(ى.ن.ك).

كۆى ئەم نوسينانەش. بەشێك لەو تێڕوانينو لێكدانەوەجياجيانە پێك دێنن كە ئێمەى كادرانى (ى.ن.ك) بە نوسين گوزارشتى لێ دەكەين.

# ئەلتەرناتیفی هەرەسی شۆڕشێك!

کۆی ئەو فاکتەرە سیاسیانەی لەپشت هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول بوون، ئەو گرێیانە بوون کە دوای هەرەس زۆرێك لەپێشمەرگەو سەرکردەو کادرانی شۆڕشەکە بەدوای کرانەوەیاندا دەگەڕان. ئەو پەیوەندیانەی کە بەهۆیانەوە شۆڕش گەشەی کردبوو، پەیوەندی ئیران‌و ئەمریکا بوو. کاتێك ئەم پەیوەندیانە دەگەنە ئەو جێیەی کە پێویستیان بەپشتیوانی شۆڕشی ئەیلول نامێنێ. روو لەشۆڕشەکە وەردەگێڕن‌و کوردو شۆڕشەکەی حەواڵەی بێ دەرەتانی‌و بێ کەسی دەکەن.

ڕێبازی شۆڕش لەرووی ئایدۆلۆژیاوە نەیتوانی بوو ببێتە سێبەرێك بۆ ئەو خولیاو خەمە فیکری‌و سیاسی‌و نەتەوەییانەی لەناو خوێندکاران‌و خوێندەوارانی تازەی کورددا سەریان هەڵدا بوو..

پرنسیپی پشت بەبێگانە بەستن‌و هیوا هەڵچنین لەسەر پشتیوانی ئیران‌و ئەمریکا بۆ پرنسیپی پشت بەخۆبەستن نەگۆڕا بوو.. کادرو سەرکردەی خوێندەوار بواری





هەڵسورانیان هێندە فراوان نەبوو تابتوانرێ کەرەستەی شۆڕش لەپێشمەرگەو جەماوەرو رێکخستنەکانی، پەروەردە بکرێن. لەو سۆنگەیەوە هەرەس بوارێك بۆ پێچەوانەکەی خۆی ناهێڵێتەوە. بەمەش شۆڕش‌و هێزە جەماوەرییەکەی لەچاوترو کانیدا، بەرەو خاڵی سفر شۆڕ دەبێتەوە.

کاتێ شۆڕش هەرەس دێنی رژێمی بەعس هەموو مامەڵەیەکی دوژمنکارانە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی پەرەپێدەدات. لادێکان رادە گوێزێ، زۆرترین هێزی سەربازی بەکوردستاندا بڵاودەکاتەوە دام‌و دەزگای ئەمنی‌و استخباراتی لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا دادەمەزرێنێ.

هەرەسی شۆڕشی ئەیلول جگە لەو حاڵەتانەی سەرەوە، کۆمەڵگای کوردی توشی نائومێدییەکی گەورە کردبوو، سەرەڕای ئەو لەیەکەم چرکەساتی هەرەسدا دەسەڵاتی بەعس رۆژ بەرۆژو تا دەهات بەربینگی هەموو شتەکانی سەربازی، ئەمنی‌و داپڵۆسینی بەکاردەهێنا. لەراستیدا هەتا

گوشارو هەراسان کردنی جەماوەر لەلایەن دەسەڵاتەوە پێ هەڵابچێ، کاردانەوەو تورەیی جەماوەر پتر هەڵدەچێ.

هەربۆیە لەهەلومەرجێکی ئاوها دژوارو سەختدا، ئەگەر هەلومەرجی سیاسی لەسەر ئاستی دەورو دراوسێی دەوڵەتی عیراق ئەوپەڕی نالەبارو پڕ لەپیلان بوو کەچی هەر زوو ئاسارەکانی هەرەس هەلومەرجیکوردستانی بەچەشنێ ئاوس کردبوو کە هێندەی نەبرد چروزەی رسکانی بیرو باوەڕێکی تر بۆ سەرلەنوێ راسانو شۆڕشێکی تر، سەری هەڵدایەوە.

ئەم بیروباوەڕە نوێیە بێ پێشینە نەبوو بەڵکو پێش هەرەس توێژێکی دیاری ناو شۆڕش بیریان بۆ ئاراستەیەکی نوێی ئایدۆلۆژی دەچوو بەڵام هەلومەرجی کوردستانو عیراق لەپێش هەرەسدا رێی نەئەدا، ئەم تێڕوانینانە لەپنتایی خەڵك لەکوردستاندا چەکەرە بکەن. جیا لەوەش لەناو شۆڕشدا، هەموو دەسەڵاتو هەڵوێستێکی سیاسیو سەربازی لەکەسی یەکەمی شۆڕشەکەدا بەرجەستە ببووو.





بەمانایەکی دی کەسی یەکەمی شۆڕش گوزارشتی لەهەموو شتەکان دەکردو هیچ کەس لەخوارێ بواری بەشداری، لەهیچ بڕیارو راسپاردەیەکدا بۆ نەرەخسا بوو، ئەمەش، لەخۆیدا متمانەی نێوان سەرێی شۆڕشی لەگەڵ خوار خۆیەوە ئەو پەڕی لاواز کردبوو هەر لەبەر ئەوەش بوو، کاتێ لەلایەن کەسی یەکەمی شۆڕشەکە بڕیاری کۆتایی هێنانو تەسلیم بوون دەدرێ لەو هەموو قەبارە گەورەی خۆیدا، شۆڕشەکە، جگە لەقبوڵ کردنی بڕیاری تەسلیم بوون، ئەلتەرناتیفێکی تر ناخاتە روو کەبارتەقای بچووکترین ئاسارەکانی هەرەسی خۆی بێ.. بەمەش شۆڕش دەخاتەوە خاڵی بەسفر بوونەوە.

لێرەوە ئەو چروزەی لەهەناوی فشۆڵبوونی شۆڕشدا وەك بیروباوەڕی جیاواز لەرێبازی شۆڕشو بەدەر لەهەڵوێستو سیاسەتەکانی لەسایەی دژواریی ئەو هەلومەرجەی هەرەسی شۆڕش خولقاندبووی، لیبڕاوانە خۆی رادەگەیەنێ..

## پەیوەندییەكانی سەركردەیەكی گەشبین

بۆ گەلێكی ژێردەستو لەسەردەمێكی داخراوی جیهانیو لەهەناوی تێكشاكانو هەرەسدا. گرنگە فریاد رەسێك دەنگ هەڵبڕێ..

بەمانای ئەوەی رابەرو سەركردەیەكی لێهاتوو نەبێ، ئەستەمە توانا تێكشكاوەكان، دەرونە شكست خواردوەكان لەفەزایەكی ئەوپەڕی تێك شكاودا، جارێكی تر راست ببنەوە.

لسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا مام جەلال سەرەڕای ئەوەی بەشێكی گرنگی لەجوڵانە دبلۆماسیو سیاسیەكان پێك دەهێنا، بەڵام خوێندنەوەو رایە سیاسیا عەقڵانیەكانی تا هەرسی شۆڕش لێی وەرنەگیرا، بواری بەردەم كاری سیاسی مام جەلال تەسك كرابووەوە. رەنگە پێش هەرەس هێنانی شۆڕش بواردان بۆ مام جەلال چانسێكی باشتری بدابایە شۆڕش. چونكە هەر زوو لەو كەسانەبووە كە دژی هەرەسو تەسلیم بوون وەستاوەتەوە بەڵام گوێی لێ نەگیراوە.





مام جەلال لەبەیروت پێش هەرەس، بریما كۆف دەبینێ. بریماكۆف زۆر هەوڵدەدا لەگەڵ مام جەلالدا، تا مام جەلال، بارزانی ببینێو واز نەهێنێو شۆڕشەكە بلاوە پێ نەكات. تەنانەت مام جەلال لەوتارێكدا دەڵێ: بریماكۆف بەڵێنی پێدایین كە وەك شەستەكان هاوكاریمان بكات، لەدوو لاوە، یەكەمیان یارمەتیدان وەك جاری جاران، دووەمیان فشار دەخەنە سەر عیراق. بەڵام مام جەلال هەواڵ دەنێرێ بۆ سەركردایەتی شۆڕشو لێی وەرناگیرێ[١]

موحونەكی مام جەلال لەوەدا بووە كە لەسەردەمێكدا دبلۆماسیەتی نێودەوڵەتان ئەو پەڕی نهێنیو كوشندە دەبێ دەرهەق بەمیللەتانی ژێر دەستە، بەهەر جۆرێ بێ ژێر پەردەی پلانەكان دەخوێنێتەوەو ئامۆژگاریش دەداتە سەركردایەتیو لێی وەرناگیرێ. هۆیەكەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە مام جەلال یەكێك بووە لەو سەركردانەی تا

[١] كوردستانی نوێ ژمارە ١٢٩٨، ٢/٦/١٩٩٦

بلێی پەیوەندییە سیاسیو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەكانی هێندە فراوان بوون كە بەئەندازەیەكی باش لەو سەردەمەدا خەڵكی لەسیاسەتمەدارو هوشیارو روناكبیران لەناو نەتەوەكانی دەورو پشتماندا ناسیوە.

لەراستیدا كاتێ شۆڕش تەسلیم بەقەدەری ئێرانو ئەمریكا دەكرێ هۆی پشتیوانی ئێرانو ئەمریكاش ئەو كاتە روون بووە بۆ شۆڕشی ئەیلول. لەو كاتەدا مام جەلال بەدیویێكی پر هەستیاردا كاردەكاتو لەدنیای عەرەبیدا هەڵدەسورێ چ لەسەردەمی عەبدلناسرو چ لەسەردەمی ساداتدا. ئەوە جگە لەوەی پەیوەندییەكی بەتیینی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی فەلەستیندا هەبوو. لەلایەكی ترەوە ناكۆكی سوریاو عیراقی باش زانیوە.

هەر بۆیە قسەكانی بریماكوف گوزارشتێك بووە لەو كەلێنەی كە لەپەیوەندیە سیاسیەكانی ناوچەكەو جیهاندا بەدی كراوەو ئەگەر بەقسەی مام كرابا شۆڕشی ئەیلول دەتوانرا بەردەوام بێتو ئەو نەهامەتیو كارەساتە





نەكەوێتەوە كە هەرەس لەبوارە سیاسیو كۆمەڵایەتیو دیموگرافیەكاندا خولقاندی.

راستە روسیا بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەو هەڵەی داوە. بەتایبەت لەكاتی رێكەوتنی جەزائیرادا كە ئەمریكا بەو هۆیە دەتوانێ عیراق بۆ خۆی كێش بكاتو پێگەی سۆڤیەت لەشەڕی سارددا كاڵ بكاتەوە بەڵام بۆ سۆڤیەت گرنگ بووە كە ئەگەر هەڵەكانی بریماكۆفو تاڵەبانی سەركەوتبان بۆ سۆڤیەت بە قازانج دەشكایەوەو عیراقی بەدەستەمۆیی دەهێشتەوەو جڵەوی ئەمریكاو ئیرانی دەگرتەوەو كوردیش ئەوەندە زەرەری بەرنەدەكەوتو رەوتی روداوو كارەساتەكانی هەرەس ئاراستەیەكی دیكەیان دەگرت.

((لەبەر ئەوەی كیسنجەر خەریكی چارەسەری كێشەی میسو ئیسرائیل بوو. سوریا بە توندی دژی هەڵوێستی مسیری بوو. بۆ ئەوەی سوریا خەریك بكات بەشتێكی ترەوە نە پرژێتە سە ركێشەی میسرو ئیسرائیل ئەمریكا پێی باش بوو شۆڕشی كورد بكوژرێتەوە تا عیراق دەستی

بەتاڵ بێ بۆ بەگژاداچوونی سوریا. ئەوەش وای كرد ئەمریكا هانی ئێران بدات تا ناكۆكیەكانی لەگەڵ عیراقدا كۆتایی پێ بێنێ»[٤]. لێرەدا راستییەك روون دەبێتەوە لەوەدا كە سوریاو ئەمریكا دژی یەكتری بوون، سۆڤیەت لەو ناوەدا رۆڵی هەبووەو پشتیوانی سوریا بووە. شۆڕشی ئەیلول كەوتبووە ناو گەمەكە، لەلایەنی ئێران‌و ئەمریكاوەو دواجار دەبێتە داشێك‌و دەخورێ. بەڵام تاڵەبانی - بریماكۆف ئەمەیان بۆ چووبایە سەر شۆڕشەكە تا رادەیەكی باش دەهاتەوە ناو گەمەكە بەدیوێكی دیكەدا ئەو كاتە تەمەنی شۆڕش لەو نێوەندەدا لەتەمەنی گەلە جیاوازەكان كە مترنەدەبوو.. ئەوە جگە لەوەی ئاراستەی رووداوەكانیش بێ دەستكەوت نەدەبوون.

كاتێ شۆڕش دەڕوخێ، هەرەس نائومێدی دەنێتەوە. مام جەلال نەك هەر نائومێد نابێ بەڵكو بەهەموو ئەو

[٤] هەمان سەرچاوە پێشوو. لا ٢٥





پەیوەندیانەدا دەچێتەوە كە لەرابوردوودا لەگەڵ شۆڕشگێران‌و خوێندەواران‌و پێشمەرگەر هاورێكانیدا هەیبووە. ئەوە جگە لەوە خۆی، سەركردایەتی كۆمەڵەی دەكرد پێش شكست بەڵام كە شۆڕش هەرەس دێنێ مام جەلال بەچەند ئاراستەدا كاردەكات. دامەزراندنی رێكخراوێك كە هەموو تواناو بوارە فیكریو كۆمەڵایەتیەكانی كورد لەخۆ بگرێ‌و پەرش‌و بڵاوی نەهێڵێ. بەپەلە فریای كۆكردنەوەی ئەو خەڵكانە بكەوێ، كە خولیای سەرهەڵدانەوەی شۆڕشن‌و بێ رێوبەرو بێ ئامۆژگاری سیاسی لەكوردستاندا شاخەوشاخ دەكەن.

بەهەموو ئەو پەیوەندیانەدا بچێتەوە كە لەرابردودا هەیبووەو بەنامەو راسپاردە هەموو رایەڵی پەیوەندیەكانی خۆی بەگەر بخاتەوە. ئەو ململانێ ئیقلیمیو نێودەوڵەتیانە بقۆزێتەوە كە لەناوچەكەدا گەرمبوون‌و كورد لەو خانەیەدا جێگیر بكات كە هەلی بەرەنگاری بۆ زیندو دەبێتەوە.

هەموو ئەمانە لەزەمەنێكی نوزە لێ بڕودا بۆ گەشبینی بەدی نایەت. گەشبینی لای رابەرێكی وەك مام جەلال‌و هەڤاڵەكانی نەبێ لەو سەردەمەدا شك نەبراوە. ئەگەرچی ئەو كادرو سەركردانەی لەدواجاردا مانەوە نیشانەی گەشبینی ئەوانیش بووە جارێكی تر سەر هەڵدانەوە بەڵام هەڵەنیە گەر بگوترێ گەشبینی‌و ئیرادەی مام جەلال لەپشت هەموو گەشبینی‌و ئیرادەیەكی ترەوە بووە.

گەشبینی سەركردەش لەهەلومەج‌و شوێنی خۆیدا گرنگە. بەمانای ئەوەی گەشبینی‌و ئیرادە ئەو كاتە بایەخ پەیدا دەكات‌وبەرهەمی دەبێ كە بێ ئومێدی‌و ڕمانی وورە دەبێتە حاڵەتێكی باو لناو میللەتێكدا ئەمەش رێك هەرەسی شۆڕش خولقاندبووی. گەشبینی‌و ئیرادەی رێبەریش ئومێد دەبەخشێتە ناو میللەتێك كە لەبێ ئومێیدا دەژی‌و سوریش بێ لسەر بەدیهێنانی ئامانجەكاندا.

كاتێكیش پەیوەندیەكان لەنێوان مام جەلال‌و كادرە خوێندەوارو سەركردە دابڕاوەكانی شۆڕشدا بەگەڕ





دەكەونەوە لەرێگەی مام جەلالەوە بیرۆكەو روئیای نوێی مام جەلال‌و هاورێكانی لەو پەیوەندیانەدا رێكخراوێك لەشێوەو ریتمێكی تازەدا لەدایك دەبی‌و رۆژێكی نوێ دەخولقێنێ..

## ریستۆرانێك لەدیمەشق‌و دەستەیەكی دامەزرێنەر

وەك لەپێشەوە باسكرا مام جەلال‌و هەڤاڵەكانی، ئەوانەی كە لەتەمەنی لاوێتیدا وەك خۆی مام جەلالیان ناسی بوو، لەئەلقەیەكی گەشبین‌و بەئومێددا مابوونەوە. هەرەس لای ئەوان روحی تاودانەوەو راسانێكی نوێی لاداهێنان. هەموو ئەو تێكۆشەرانەی كە كۆمەڵەو بزووتنەوەی سۆسیالیستی یان دروست كرد بوو لەگە هەموو ئەوانەی لەدەرەوەی ئەم دوو رێكخراوەدا بوون لەسەر بیروبۆچوونەكانی مام جەلال كۆك بوون‌و چاوەڕوان‌و خولیای بەگەڕ كەوتن‌و هاتنەوەی مام جەلالیان دەكرد. مام جەلالیش بەردەوام هەموو ئەو رایەڵ‌و هێڵانەی ئامادە كرد بوو كەچر كەساتی

دامەزراندنی ڕێكخراوێكی نوێ، چركەساتی تاودانەوەی خەباتی هەمە لایەنە، ئەلتەرناتیفی هەرەس، لەروانینەكانی مام جەلال‌و هاورێكانیدا خۆی خەملاندبوو. هەرواش دەرچوو، منداڵ دانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، كۆرپەی شۆڕش‌و بەرەنگاری، بەرێبازو ریتمێكی تازەوە خوێنی ئەوانەی گەرم كردەوە كە سوربوون لەسەر درێژەدان بە خەبات‌و مام جەلالیش خوێندنەوەو جموجۆڵەكانی دەنگی گەلێكی گەلێكی وورە رووخاوی دوای هەرەسی زوڵاڵ كردەوە.

لە٢٢/ ٥/ ١٩٧٥ لەرستورانی (طلیطلی) لەدیمەشقی پایتەختی سوریا لەگەڕەكی (ابو رمانە) یەكەم كۆبونەوە لەنێوان (مام جەلال، ك. فؤاد معصوم، عادل مراد، عبدولرزاق فەیلی)دا ساز كرا، پێشتر مام جەلال پرۆژەی بەیانێكی بۆ دامەزراندنی (یەكێتی نیشتمانیی كوردستان) نووسیبوو لەنێوان خۆیان، لەو دانیشتنەدا گفتوگۆی لەسەركراو دوای دەستكارییەكی كەم، یەكەم بەیانی





دامەزراندنی (ی. ن. ك) راگەیەنرا. هەر ئەوكاتە دەزگاكانی راگەیاندنی عەرەبی لەسوریا، لوبنان، میسرو گەلێ شوێنی تر ئەم بەیانەیان بلاو كردەوە.[6]

لەئەورووپاش بۆ هەمان مەبەست لەرۆژی ٢٧/ ٥/ ١٩٧٥ كۆبوونەوەیەك لەگەركێكی (بەرلین) لەئەڵمانیا بەسترا لەم كۆبونەوەیەدا كە مام جەلال سەرپەرشتی دەكرد كۆمەڵێك كەسایەتی‌و كادری تێكۆشەر بەشدا بوون (هێرۆ ابراهیم أحمد، د. كەمال فؤاد، عومەر شێخ موس د. لتیف رشید، د. دڵشاد أحمد، د. ئەرجومەند صدیق، د. دارا ئەدیب، رؤوف أحمد، د. جەبار عەلی شەریف، د. لاوچاك فەهمی، د. حسن محەمەد عەلی)[7]. دواتر مام جەلال بەیانەكەی دیمەشقی بۆ خوێندنەوە لەگەڵ ئەو چالاكیانەی ئەنجامی داون، پاشان

[6] یەكێتی نیشتمانی كوردستان، سەروەر عەبدولرەحمان ـ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٧٤

[7] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٧٥

بەدەستكارييەكى كەم بەيانەكە پەسەند كراو دواى ئەوە لە ١/ ٦/ ١٩٧٥ لەئەوروپا بڵاوكرايەوە.

# گەوهەری نوێ بوونەوە، لە (ی. ن. ك)دا

لەراستیدا (ی. ن. ك) لەدایك نەدەبوو ئەگەر نوێبوونەوە لەخەباتی گەلی كوردستاندا پێویستیەكی مێژوویی نەبوایە.. بەمانای پێویستی نوێبوونەوە لەهەموو شتەكان. رێبازو تەكتیكو ستراتیژ، گەوهەری راستەقینەی لەدایك بوونی (ی. ن. ك)و سەر لەنوێ هەڵایسانەوەی خەباتی چەكدار پێك دێنێ. نووێبوونەوە لەهەمووشتەكان، هەر بۆیە دوای هەڵایسانەوەی خەباتی چەكدار، چەندان كارەسات بەسەر شۆڕشدا دێن كە جیاوازن لەو كارەساتانەی بەسەر شۆڕشەكانی تردا هاتوون. لەرابردوودا ئەو نسكۆیانەی تووشی شۆڕشەكان دەهاتن شادەماری شۆڕشەكانیان لەبەین دەبرد. هەر بۆیە ماوە ماوە خەباتی نەتەوەیمان خامۆش دەبۆوە.

بەڵام لەشۆڕشی نوێدا (ی. ن. ك) بۆ هەر تەنگەژەو نسكۆیەك ئەلتەرناتیفی فكری سیاسیو سەربازی لەهەگبەی خەباتی خۆیدا بەدەر دەخست.





لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ئەلتەرناتیفی هەرەس لەكەمترین ماوەی دوای هەرسدا بەگوێی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستاندا، درایەوە. هەر بە تاكتیكو رێبازی نوێوە ئەو پلانانەی پەك دەخستن كە لەگەرمەی هەڵایساندا توشی دەهاتن. لەسەر شەڕی ئێرانو عیارقیشدا گوتارێكی نوێی بۆ شۆڕشو خەبات داهێناو خۆپیشاندانەكانی ١٩٨٤، ١٩٨٣ ئەو راستیە دەسەلمێنن.

هەلومەرجی دوای مفاوەزاتی ١٩٨٣ـ ١٩٨٤یش كە بەعس دەیویست شۆڕشەكە بەدەردی شۆڕشی ئەیلول ببات بۆی نەچووە سەر، سەرەڕای ئەو هێرشە بەر بڵاوەی كردیە سەر ناوچە ئازاد كراوەكان زەفەری بە شۆڕش نەبرد.

رەنگە قبو ڵكردنی مەرجەكانی كۆماری ئیسلامی لەراوەستانی شەڕدا لەلایەن عیراقەوە پەیوەندیەكی راستەقینەی هەبووبێ بەو پەرەسەندنە خێرایەی كە شۆڕش لەناو شارو شارۆچكەكانو شەرەكانی پێشمەرگەدا بەخۆیەوە دەبینێ. هەر لەو سۆنگەیەشەوە دوور نییە

كۆمارى ئيسلامى ئێرانيش لەبەر پێهەڵاچوونى (ى. ن. ك)و شۆڕشەوە بووبێ، كە بەچەند مەرجێكەو شەڕ لەگەڵ عيراقدا بوەستێنێ. تا شۆڕشەكە لاوازو لەبەين بچێ.

كەچى، كە شەڕى ئێران‌و عيراق كۆتايى دێ كارەساتى ئەنفال‌و سوتماكردنى خاكى كوردستان دەبێتە ئامانجى دوژمن‌و گۆڕەپانى بەردەوا بوونى شۆڕش لەشاخەكان‌و گوندەكاندا لاوازو بەرەو نەمان دەچێت. ئا لەو كاتەدا ديسان (ى. ن. ك) ميكانيزمێكى نوێدا دێنێت بۆ بەردەوامى شۆڕش‌و هەراسان كردنى دەسەڵاتى بەعس. هەر بۆيە بڕياريدا شۆڕش لەلادێكان‌و شاخەكانەوە بگوێزرێتەوە بۆ ناو شارەكان. بڕياردرا هێزى پێشمەرگە بەچەند مەفرەزەيەكى بچوك بچوك بە ناوى مەفرەزەكانى دواى ئەنفال، بە شاخەكان‌و پێدەشتەكاندا بڵاو بكاتەوە، ئەم مەفرەزانەش لەلايەن رێكخستەنەكانەوە چاودێرى‌و ئيدارە بكرێن بەپێچەوانەى رابردوو كە رێكخستنەكان لەلايەن هێزى پێشمەرگەوە ئاراستە دەكران. بەتەنيشت ئەوەوە





بڕياريدا سوپاى رزگارى كوردستان دابمەزرێنێ بەناوى (سرك)ەوە كە بەشێك لەرێكخستنى كردە مەفرەزەى بچوك بچوك‌و چەندان بنكەى نهێنى لەشێوەى خانوو دەواجن بۆ دابين كردو چەندان پارچە چەك خزێنرايە ناو شارەكانەوە كە ئەمانەش لەلايەن رێكخستن‌و هێزى پێشمەرگەوە سەركردايەتيەكى نوێى بۆ دانرا. بۆ ئەوەى لەئەگەرى بەردەوامى دەسەڵاتى بەعسدا شۆڕش بەردەوام بێت. كاتێك عيراق كوێتى داگير كرد ديسان (ى. ن. ك) ئەلتەرناتيفێكى ترى خستە روو كە كاريگەر تربێت، لەسەرك‌و مەفرەزەكانى دواى ئەنفالەوە. ئەويش بريتى بوو لەدروست كردنى زۆرترين شانەى چەكدارى لەپاڵ مەفرەزەكانى دواى ئەنفال‌و مەفرەزەكانى (سركە)وە. بۆ ئەوەى راپەڕينى جەماوەرى سەر هەڵبدات. هەر واش دەرچوو. بەمەش بۆمان دەردەكەوێ بەردەوامبوون لەسەر نوێبوونەوەو ئەلتەرناتيف بۆ هەر نسكۆيەك، (ى. ن. ك) ئەو ناوەڕۆك‌و

گەوهــــەرەی خــــۆی خــــستە روو، تــــا راپــــەڕین بــــووە بەرجەستەکردنی گەوهەرەی نوێبونەوە.

# چەند سەرنجو پێشنیارێك
# لەسەر دوا پرۆژەكانی ریفۆرمی
# (ی. ن. ك)

نوێبونەوەو گۆڕان لەناو یەكێتیدا حەوجێی بڕیارێكی سیاسییە كە گوزارشت بكات لەكۆی ئیرادەی هەموان كە دەكاتە كۆی سەركردەو كادرانی، ئەگەرچی. جیاوازیش هەبێ لەتێڕوانیندا بەڵام دەبێ لەدوا جاردا هەموان كۆك بن لەسەر گۆڕانو ئامانجو ئاراستەكانی گۆڕاندا.

لەراستیدا دروست كردنی بڕیاری سیاسی لەهەر هێزێكی سیاسیدا پێویستی بەئیرادەی هەموانە یان لانی كەم زۆرینەی ئیرادەی هەموان.. لەم هەلومەرجەدا بێ بەشداری كادرانی ناوەند لەناو یەكێتیدا ناتوانرێ ئەو ئیرادە گشتییە دروست ببێ كە یەكێتیی بۆ نوێبونەوەو وەرچەرخانی خۆی پێویستی پێیەتی.. ئەمەش بەوە دەبێ كە پەرلەمانێك، یان ئەنجومەنێكی ناوەند دروست ببێ وەك لەپرۆژەكەی سەنتەری ستراتیژیو كاك ئاواتی شێخ جەنابدا هاتووە، ئەوەش لەدواجاردا ئۆرگانێك دەبێ بۆ ساغ كردنەوەی ئەو جیاوازیانەی كە لەناو دەسەڵاتی باڵای (ی. ن. ك)دا دروست بون. چونكە گرفتی ئێستای (ی. ن.





ك) مەحكومە بەو نایەكگرتووییەی كە لەناو دەسەڵاتی باڵادا هەیە. بە مانای ئەوەی دەبێ ئەم گرفتانەی ئێستا ببنە مامانی بەدامەزراوەیی كردنی (ی. ن. ك)، تا لەدواجاردا كۆی گرفتەكانی ئێستا لەقەیرانی بەكەسێتی بونەوە (شخصنە) دەرباز بكاتو جیاوازییەكانی لەمەودواش لەرێگەی دامەزراوەكانی خۆیەوە بكاتە خاڵی تۆكمەی نوێبونەوەی خۆیو ئەو ئەركە نەتەوەییەی لەسەر شانێتی بە ئاسانی رای بپەڕێنێ. ناشكرێ هێزێكی سیاسی گەورەی وەك (ی. ن. ك) كە مێژووی گلاراوی كوردی لەزەمەنێكی یەكجار سەختدا راست كردۆتەوەو شەرەفێكی گەورەی لەرزگاری گەلەكەیدا بەركەوتووە، ببێتە باجی هاوڕانە بوونو كۆك نەبوونی سەركردەكانی یان سەركردەكانی نەتوانن بەم هەموو گوێ رایەڵییەی كادرانی خوارێ سنورێك دابنێن بۆ ناكۆكییەكانو لێك تێگەیشتنێكی هاوبەشیان نەبێ بۆ چارەسەری قەیرانەكانو جیاوازییەكان!

## گرفتی ریفۆرم لەكوێ دایە؟!

### ١- گرفتی بابەتی

لەڕاستیدا بەشێكی گرفتەكە پەیوەستە بە نەڕەخسانی هەلومەرجی بابەتی لەكوردستاندا تا حزبی سیاسی وەك حزبێكی پەرلەمانیو هاوچەرخ خۆی دەربخات. ئەویش ئەوەیە حزبی پەرلەمانی پێویستی بەوەیە سیستمێكی تەواو عەیاری دیموكرات بەرقەرار بێ تا پارتە سیاسییەكان لەقاڵبی دەستوری بدرێن.

لەكوردستاندا سیستمی سیاسی دوو پرنسیپی سەرەكی نوقسانە، كە بریتین لەدەستورو پرنسیپی دەستاو دەست كردنی ئاشتیانەی دەسەڵات. بونی دەستور هەموو ئەو بۆشاییە یاساییانە پڕ دەكاتەوە كە سیستەمی حوكمڕانو پرۆسەی دیموكراسی ئاراستە دەكاتو پەیوەندی نێوان خەڵكو دەسەڵات دەخاتە سەر شاڕێی خۆیەوەو دواجار پرۆسەی دەستاو دەست كردنی دەسەڵاتیش زۆرینە دەباتە دەسەڵاتەوەو كەمینەش دەكاتە ئۆپۆزسیۆن. بونی دەسەڵات





لەسیستەمی دیموكراسی دا بەبێ بونی ئۆپۆزسیۆن، گروپی فشار ناڕسكێن، نەڕسكانی گروپە فشارهێنەكانیش دەبێتە هۆی زیادبوونی گەندەڵی. لەم نێوەندەدا شەپۆلی داخوازیو ناڕەزاییەكانی خەڵك، كۆمەڵ توشی پشێویو ناسەقامگیری دەكات. بەڵام كاتێ ئەم دوو پرنسیپانە دەچەسپێن هەمیشە خەڵك چاودێر دەبێ بەسەر دەسەڵاتەوە لەڕێگەی بوونی ئۆپۆزسیۆنیش داخوازییەكانی خۆی لەڕێگەی ئەو مافانەوە دەخاتە روو كە یاسا لەدەستوردا رێكی خستوون. بەمەش حزبی سیاسی لەكاتی ئۆپۆزسیۆن بونی دا دەتوانێ سواری شەپۆلی داخوازییەكانی خەڵك بێتو گوشار پەیدا بكات بۆ چارەسەری گەندەڵی، ئەمەش متمانەی جەماوەری پێ دەستەبەر دەكات یەكێتیو پارتی لەكوردستاندا تا ئێستا لەماوەی پانزە ساڵی حوكمڕانی كوردیدا قۆناغی ئۆپۆزسیۆنیان نەدیوەو ئەمەش وای كردوە گەندەڵی حكومەتو دەسەڵات بخرێتە ئەستۆی ئەوانەوە. حزب كاتێ دەتوانێ چارەسەری گەندەڵی بكات یان جڵەوی

بزووتنەوەی نارەزایی لەسەر گەندەڵی بە ئەستۆ بگرێ کە ئۆپۆزسیۆن بێ چونکە سەرەکیترین ڕێگەی وەرگرتنی متمانەی خەڵك لەسەرکردایەتی کردنی چارەسەری گەندەڵی دا، لەڕێگەی ئۆپۆزسیۆن بونەوە دەستەبەر دەبێ. چونکە لەئێستادا گەندەڵی ئیداری روو لەحزب دەکات کە خۆی دەسەڵاتی خولڤاندوە. لەبەر ئەوەیە بەشێکی نوێبونەوەو ریفۆرم بەتایبەت لەناو یەکێتیو پارتی دا ئەو ساتە دەبێ کە سیستمی دیموکراسی دوو بنەمای سەرەکی خۆی لەکوردستاندا پتەو بکات ئەویش بڕیاردانە لەسەر دەستورێکی هەمیشەییو پیادەکردنی پرنسیپی دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات. کە ئەمە بەشێکی گەورەی قەیرانەکان چارەسەر دەکاتو توانا دەداتە هەر حزبێك کە خۆی لەقاڵبی گۆڕانکاریو نوێ بونەوە بدات.

٢ـ گرفتی خۆیی:

بەربەستی ئێستای ریفۆرم یان چارەسەری قەیرانی گەندەڵی لەقەیرانی بەکەسێتی کردنەوە (شخصنە)





سەرچاوە دەگرێ. لەناو یەکێتیدا پەیڕەو وەك پێویست کاری پێ ناکرێ (ئەوە جگە لەوەی پەیڕەو پێویستی بەپێداچونەوە هەیە) و کاروباری یەکێتی کە لەڕێگەی ئادائی دەسەڵاتی باڵای (ی. ن. ك) کە لەبەڕێز سکرتێری گشتیو (م. س) پێك دێت بەڕێوە دەچێ، بۆچی تا ئێستا دراسەیەکی سەرتاپاگیریان نییە بۆ تێگەیشتن لەهۆکاری گەندەڵی چ لەناو حزب چ لەناو حکومەتدا. هەڵبەت دەسەڵاتی باڵا بەرپرسە لەچارەنوسی سیاسیو جەماوەری (ی. ن. ك) بۆیە پێویستە کۆدەنگییەك هەبێ بۆ تێگەیشتن لەقەیرانەکانو بەهەمان شێوە کۆدەنگییەکیش لەسەر گەڵاڵەکردنی ئاراستەکانی ریفۆرم دا.

لەو تێگەیشتنەوە پێویستە لەناو (ی. ن. ك)دا ئەوە روون بوبێتەوە کە ئایا گرفتەکانی ناوخۆ لەکوێوە هاتوون؟ ئایا (م. س) دەسەڵاتی نییە؟ یان سیستمی دارایی پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە؟ یان زۆری ئۆرگانەکانو هەڵاوسانی ژمارەی بێ شوماری کادران؟ ئایا کێ بەرپرسە لەزۆربونی

ژمارەی ئۆرگانەکانو هەڵاوسانی کادرو زۆربونی ژمارەی کادران؟ ئایا دروستکردنی بڕیارو هەڵوێستەکانی لەناو (ی. ن. ك)دا دوورنەبوون لەئیرادەی کادرانی ناوەند، یان بۆ بەشداریان پێ نەکراوەو هەمیشە گوێگر بون؟ ئایا دەسەڵاتی باڵا بەرپرسە لەدەستەگەری لەناو ئۆرگانەکاندا کە وەلاو مەحسوبیەتی دروستکردوەو ڕێی گرتووە لەئەکتیڤ بونی ئۆرگانەکان؟ ئایا کێ بەرپرسە کە (ی. ن. ك) توانای بەرهەم هێنانی کادری سەرکردەو بە توانای نەماوە؟

ئەم پرسیارانە کە کرۆکی ئەو بەربەستانە پێك دێنن کە بونەتە فاکتەری دیاری گەندەڵیو بەڕای ئێمەش دۆزینەوەی هەر میکانیزمێك بۆ چارەسەری قەیرانەکان دەبێ لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوە بگرن کە لەسەرەوە باسکراون.





## هەڵوەستەیەك لەسەر دوا پرۆژە پێشنیارکراوەکان

ئەو پرۆژانەی کە لەئێستادا جێ سەرنجی کادرانن ئەو دوو پرۆژەیەن کە بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا بڵاوی کردۆتەوە ئەوی تریان ئەو پرۆژەیە کە چاودێر بڵاوی کردۆتەوەو لەلایەن چوار (م. س)وە داڕێژراوە:

لەراستیدا هەر دوك پرۆژەکە روی وێك چون (أوجه الشبه)و هەروەها روی جیاوازیشیان (أوجه أختلاف) هەیە.

### خاڵی وێك چوون:

١. هەردوو پرۆژەکە رۆڵی کادیرانی خوار سەرکردایەتیان فەرامۆشکردووە.

٢ـ هەردوو پرۆژەکە لەگەڵ گۆڕانکاریدان لەپێکهاتەی هەندێك لەئۆرگانەکادا.

٣ـ هەردوو پرۆژەکە رای بەڕێز سکرتێری گشتی یان لەسەر نییە.

٤ـ لەهەردوو پرۆژەكاندا وەك پێویست حساب بۆ پرۆژەكانی سەنتەرو كاك ئاوات شێخ جەنابو پەیڕەوانی پەیڕەو نەكراوە.

٥ـ هەردوو پرۆژەكە پێش ئەوەی كادرانی خوارێ یان ئۆرگانەكان بیانبینن لەرۆژنامەكان بڵاوكراونەتەوەو رای كادرانیان لەسەر وەرنەگیراوە.

## خاڵە جیاوازەكان:

١ـ پرۆژەكەی بەڕێز كاك نەوشیروان خۆی لەقەرەی دەسەڵاتو سەڵاحیاتی (م. س) نەداوە لەكاتێكدا پشت گوێ خستنی دەسەڵاتو سەڵاحیاتی (م. س) گرفتەكانی (ی. ن. ك) لە قاڵبی بەكەسێتی كردن دەهێڵێتەوە. پرۆژەكەی چاودێر مانەوەی دەسەڵاتی باڵای یەكێتی نیشتمانی كوردستان تەكریس دەكاتو داوا دەكات لەرێگەی ئەكتیف كردنەوە چارەسەر بكرێن، لەكاتێكدا ئەكتیف كردنی ئەو دەسەڵاتە پێویستی بە گۆڕانو فراوان بوون هەیە، بە جۆرێك كە كادیرانی خوارێ لەرێگەی ئۆرگانێكەوە بەشدار





بن لەو ئەكتیف كردنەدا تا لەدواجاردا دەوری چاودێر یان یەكلایی كەرەوە ببینن لەكاتی پەیدا بوونی جیاوازی بیروڕای ئەندامانی دەسەڵاتی سەرێدا. بە مانای ئەوەی ئەگەر دەسەڵاتی باڵا كەمتەرخەم بوون لەئادائی كاردا ئەوا ئەو ئۆرگانەی كە ئیرادەی كادیرانی خوارێ پێك دێنێ رێنەدا كەم تەرخەمیەكە تەعیمیم ببێ بەسەر كۆی یەكێتیدا ئەمەش وا دەكات لە دواجاردا وەلاو مەحسوبیەتو دەستەگەری تا رادەیەكی باش لەبەین بچن.

٢ـ پرۆژەكەی بەڕێز كاك نەوشیروان چارەسەری دۆزیوەتەوە بۆ هەڵاوسانی كادر بەڵام ئەم چارەسەرە كاریگەرییەكەی بریتی دەبێ لەدورخستنەوەو بێ كارمانەوەی ئەو كادرانە كە بە بڕیاری مەكتەبی سیاسی دانراون، پرۆژەكەی چاودێر قەیرانی هەڵاوسانی كادری چارەسەر نەكردووە.

٣ـ پرۆژەكەی كاك نەوشیروان قورسایی دەگێڕێتەوە بۆ مەڵبەندو ئەو مەكتەبانەی كە دەمێنێتەوە بەڵام بە

گـوێرەی پرۆژەكـەی چـاودێر ئۆرگانـەكانو مەڵبەنـدەكان لەقاڵبی ئێستادا دەمێنێتەوەو گۆڕانكاریان بەسەردا نایەت.

## چەند پێشنیارێك:

١ـ پێویست دەكا بەڕێز سكرتێری گشتی خۆی پرۆژەیەك گەڵاڵە بكات بۆ لێدوانو هەموو لایەنەكانی چاكسازی لەخۆ بگرێت.

٢ـ پێویستە كۆدەنگی تەواو بەرجەستە بێت لەنێوان بەڕێز سكرتێری گشتیو بەڕێزان جێگری سكرتێرو (م. س)دا بۆ چۆنێتی چارەسەركردنی قەیرانەكانو چاكسازی لەناو حكومەتو حیزبدا.

٣ـ هەر پرۆژەیەك لەدواجاردا پێویستە رای ئۆرگانەكانی لەسەر بێو كادرانی ناوەندیش دەوری یەكلایی كەرەوە ببینین لەجێگیركردنیدا.

٤ـ پێویستە هەر ئۆرگانێك لەبەڕێز مەكتەبی سیاسییەوە تا دەگاتە مەكتەبو مەڵبەندەكان پەیڕەوی تایبەت بە خۆیان هەبێ كە وەك سیستەمی كار لەسەری كار بكەن.





چونكە بەوە ئۆرگانەكان وەك دامەزراوە، مومارەسەی كەسایەتی یاسایی خۆیان دەكەنو بەمەش رێ دەگیرێت لەگەندەڵ بوونو وەلاو مەحسوبیەتو دەستەگەری كەم دەبێتەوە.

٥ـ بەرزكردنەوەو لادانی كادیران چ لەناو ئۆرگانە حزبیەكاندا یان لەناو حكومەتدا دەبێت كۆمەڵێك رێسای بۆ دابنرێو بە پێی كاری دامەزراوەیی بێو دوربێ لەرۆڵی كەسێتی كەسانی دەسەڵاتی باڵاوە یان دەزگایەك دابنرێ بۆ هەڵسەنگاندنو دانانو لادانی كادر لەشوێنی كار، ئەگەر هەڵبژاردن بە پەسەند نەزانرا.

٦ـ پێویستە (ی. ن. ك) هەمیشە حكومەتی سێبەری ئامادە بێت بە مانای ئەوەی دەبێ یەكێتی لەپێگەیاندی كادیرانیدا بگاتە قۆناغێك كە هەمیشە لەروی توانای جۆراو جۆری كادیرانییەوە ئامادەی پڕكردنەوەی بۆشاییە ئیدارەكان بێت.

٧ـ ئەگەر ئەنجومەنی ناوەند پێك نەیەت ئەوە پێویستە ئەنجومەنێك پێك بێت كە بریتی بێ لەكۆی ئەندامانی مەكتەبەكانو جێگرو كارگێڕانی مەڵبەندەكان بۆ تاوتوێ كردنی كاری مەكتەبو مەڵبەندەكانو هەردوو مانگ جارێك كۆببێتەوەو بەڕێز جێگری سكرتێری گشتی سەرپەرشتی كارەكانی بكاو ئۆرگانێكیش بێت كە بەشدار بێ لەدروست كردنی بڕیاری سیاسیدا.

٨ـ رەخساندنی هەلومەرجێكی كۆمەڵایەتیو ئابووری بۆ ئەو كادرانەی كە لەئەنجامی چارەسەركردنی قەیرانی هەڵاوسانی كادراندا بێ كار دەبن تا ئەم هەنگاوە كەسایەتی سیاسیو كۆمەڵایەتی كادران بپارێزێ لەناو كۆمەڵداو لەڕوی قورسایی كۆمەڵایەتییەوە بچوك نەبنەوە.

بڵاوكراوەی : ڕۆژنامەی ئاسۆ ژ. ٢١٦ ـ ٢٠٠٦/٤/٢٧

# له‌پێناوی چاكسازیدا



چاكسازی و هه‌ڵبژاردن

پرۆسەی هەڵبژاردن، بایەخێكی گرنگو كاریگەری هەیە لەسەرچارەنوسی هەر رێكخراوێكی سیاسی ئەگەر بیەوێ متمانەی خۆی لەناو جەماوەردا بە زیندویی بهێڵێتەوە.

(ی. ن. ك) تاكە حیزبێك نیە بە تەنها لەگۆڕەپانی سیاسی كوردستاندا گرفتی هەڵاوسانی كادرانی هەبێ، بەڵام تاكە حیزبە كە بڕیاری داوە گۆڕانو چاكسازی بخولقێنێ، گۆڕانو چاكسازیش بەبڕیار دەست پێدەكات بەڵام كۆتایی یەكەی یان ئاكامەكەی ئەگەر ژیرانەو بەپێی پرنسیپەكانی دیموكراسی بەرێوە نەچێ زەحمەتە ئەو ئامانجەی دەویسترێ بەدەستی بێنێ.

لەراستیدا بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردن وەك ئامرازێك بۆ گۆڕانو چاكسازی بە مەبەستی بە تەقلیدكردنی دیموكراسیانەی ژیانی حیزب بۆ ئەوەیە (ی. ن. ك) تەجاوزی ئەو گرفتە ناوخۆییانە بكات كە بەهۆی هەڵاوسانی كادرو بوونی وەلاو مەحسوبیەتو دەستەگەری تێی كەوتووە.





بەمانای ئەوەی جۆرێك لەگەندەڵی حیزبی بەرۆكی چارەنوسی (ی. ن. ك) گرتووە ئەوەش پێویستی بەوەیە سەر لەنوێ ژیانی ناوخۆی (ی. ن. ك) بە چەشنێ رێكخرێتەوە كە بتوانێ وەك حیزبێكی پەرلەمانی خۆنمایش بكات. بۆیە بیركردنەوەو بڕیاردان لەسەر ئەم رێكخستنەوەیە پێویستی بەوەیە كە ئامانجی ویستراو ئەوەبێ كە، بە تەقلیدكردنی دیموكراسیو لەرێگەی میكانیزمی هەڵبژاردنەوە كۆی كێشەكان چارەسەر بكاتو بەدوای خۆیدا تورە بوونی جەماعی لەناو جەماوەرو كادرو لایەنگرانیدا نەخولقێنێ.

هەڵبەت دوو گرفتی سەرەكی لەناو (ی. ن. ك)دا هەیە، یەكێكیان بوونی ژمارەیەكی زۆری كادرە لەناو ئۆرگانەكاندا كە پێڕەو بەخۆی ناگرێو سەرپێچی لەپەیرەو، بوونی پەیرەوی بەرەو پوكانەوە بردوە. گرفتی دووەم ئەو دەستەگەریو وەلاو مەحسوبیەتەیەكە بەبێ بوونی فیكرو رای جیاواز لەناو مەڵبەندەكاندا بەرێوە دەچێ. پاڵنەری

پتەو بوونی دەستەگەری لەناو (ی. ن. ك)دا، ئەوەیە كە دەستەگەری فیكریو رای جیاواز لەقاڵبی بەكەسێتی بوون (شخصنة)دا دەركەوتوون. هەڵبژاردن هەرەشە دروست دەكات لەسەر ئەو فاكتەرانەی كە بەهۆی پێدانی پلەو پارەو سەیارە درێژە دەدات بە كەسێتی بوونی دەستەگەریی چونكە ماوەی نێوان ویستگەكانی هەڵبژاردنی ئۆرگانەكانو جێبەجێ بوونی دەستاو دەست كردنی ئاشتیانەی پۆستە حیزبیەكان بواری بەردەم ئەم فاكتەرانە كەم دەكاتەوە، ئەگەر زەمنیەی هەڵبژاردن بەچەشنی ئەنجام بدری كە بواری دەست وەردانی سەرێ لەدیاری كردنی كەسەكان بۆ پۆستەكان لەلێپرساو كەرتەكانەوە تالێپرساوی مەڵبەندەكان، كەمبێتەوە.

بێ گومان ترس لەهەڵبژاردن لەناو (ی. ن. ك)دا دوو جۆرە یەكەمیان ترس لە لەدەستدانی پلەو پایەو گوزەران. دووەمیان ترس لەدابەزینی هەیبەتی كەسێتی كادر لەناو جەماوەردا. لەو سونگەیەوە، (ی. ن. ك) دەبێ پێشوەختە





چارەسەری بۆ كۆی ئەو ئاسارە سلبیانە دەست نیشان كردبێ كە بەهۆی هەڵبژاردنەوە دروست دەبن.

لەراستیدا گورج كردنەوەی (ی. ن. ك) لەرێگەی گورج كردنەوەی ئۆرگانەكانەوە بەرجەستە دەبێ. بەمانای ئەوەی پێویستە ئۆرگانەكان تۆكمە بن لەروی ئادائی سیاسی، كۆمەڵایەتیو رێكخراوەییەوە. ئەوەش پێویست دەكات لانی كەم هەڵبژاردن ئامرازێك بێ بۆ سەرخستنی ئەو كادرانەی كە دەتوانن رۆڵی سەركردایەتی كردن بگێڕن، سەبارەت بەو ئۆرگانەی كەتیایدا دەبنە لێپرساو. ئەو كادرانەش پێویش دەكات، توانای ئەوەیان هەبێ گوتار بدەن، بتوانن جەماوەری سنوری ئۆرگانەكەیان جۆش بدەن، بەسیاسەتی (ی. ن. ك) بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هەڵبژاردن لەئێستابەدواوە كێڵگەیەك بێ بۆ دەرخستنو پێهەڵاچونی توانانی فیكری سیاسیو موحەنەكی كادران.

پێشوەختەش باشترین ئامراز بۆ ئاقاری ئەم مەبەستە جێی خۆیەتی وەك جێگیرێك بچەسپێ لەم هەڵبژاردنانە

كە دەبێ هەر كادرێك لەجیاتی دەستەگەری‌و مل شكاندنی بەرامبەر لەڕێگەی حیواری بیناكەرانەوە بەرنامەی پێویست كە بگونجێ بۆ سەرخستنی سیاسەتی گەشەپێدان‌و گورج بونەوەی (ی. ن. ك) دابنێ‌و رای بگەیەنی، واتە كادری خۆ هەڵبژێردەبێ بەرنامەی كاری خۆی لەبواری سیاسی، فیكری‌و كۆمەڵایەتی بۆ دەنگدەرانی حیزب بخاتە روو بەمە جۆرێك لەكێ بڕكێی فیكری‌و سیاسی بونیاتنەرانە لەنێوان كادران پەیدا دەبێ‌و جوڵانەوەیەكی هوشیاری دەداتە هەڵبژاردنەكان‌و ئاراستەی هەڵبژاردنەكانی لەمەو دواش بەرەو ئاقارێكی عەقلانی‌و مەعریفی دەبا.

هاوشانی ئەم جۆرە هەڵسورانەی كادرانی (خۆهەڵبژێر) پێویستە دەسەڵاتی سەرێی (ی. ن. ك) خۆ بەدور بگرێ لەدەست نیشانكردنی ئەو كادرانە بۆ پۆستە جیاوازەكان بەتایبەت هەیئەتی ناو مەڵبەندو لێپرسراوی مەڵبەندەكان، خۆكاندید دەكەن چونكە بەم خۆ بەدورگرتنە دەسەڵاتی





سەرێ دەتوانێ ئەستۆ پاكی خۆی لەبوونی دەستەگەری پیشانبدات‌و هاندەرێكی كاراش دەبێ ئەگەر دەستەگەری روویدا، دەسەڵاتی سەرێ دەتوانێ بەكۆ دەنگی یەك دەستەگەران سزابدات‌و ئاقاری پرۆسە كە بەبێ خەوشی بەرێ بكات.

چونكە دەست وەرنەدانی سەرێ لەدەست نیشانكردنی كادران بۆ پۆستەكان زەمینە دەرەخسێنی كە (ی. ن. ك) ببێتە كێڵگەی خۆپێگەیاندنی ئاستی هوشیاری‌و سیاسی كادران‌و هاندانێكی باش پەیدا دەكات بۆ گوڕو تین بەخشین بەهەڵبژاردنەكان لەئێستاو ئایندەدا.

لەراستیدا باشترین ئامراز كە هەڵبژاردنەكان سەربخات‌و كادرانی باش ببنە لێپرسراوی ئۆرگانەكان، ئەوەیە كە دەسەڵاتی سەرێ دەس وەرنەداتە هەڵبژاردنەكانەوە. بۆ ئەوەی لەو وەهمە دەرباز ببین كە ئەوەی سەرێ دەست نیشانی نەكات سەركەوتوو نییە یان كادری لیوەشاوەنیە.

بەپێچەوانەوە ڕەنگە دەسەڵاتی باڵا لەزۆر حاڵەتدا لەدەست نیشانکردن بە هەڵەدا چو بێ. دیارە کە سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی ڕێکخراوەیی، جەماوەریی، سیاسی‌و هتد. پەیوەستە بەلێهاتوویی کادران یان کەسانی لێپرسراوەوە، کەسەکان یان کادری لێپرسراو ڕۆڵی کارای هەیە لەچارەنوسی ئۆرگانەکەی ئەگەر کەسی لێپرسراو دەستەگەری نەکات، ئەوا ئۆرگانەکەش دەستەگەری ناکات، کاتێکیش دەستەگەری نەمێنی لەئۆرگانەکان، بواری هەڵسورانی تواناو لیوەشاوەیی دەرەخسێ بەمەش کادری لێهاتوو بەتوانا دەوری سەرکردایەتی کردن دەبینن. ئەمەش فاکتەرێکی باش دەبێ بۆ بوژانەوەو گورج کردنەوەی (ی. ن. ك)و کادرانی تەمبەڵیش دەرفەتی بە خۆداچونەوەیان بۆ دەرەخسێ.

یەکێك لەو گرفتانەی کە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان دەیخاتە ڕووئەوەیە کە ئەو کادرانەی دەرناچنەوە دەچنە کام خانەی سیاسی‌و چارەنوسی‌و سیاسیان چی لێ





بەسەردێ. هەڵبەت کاری ڕێکخراوەیی لەحیزبی پەرلەمانیدا بوارێك بۆ دەسەڵاتی میراتی‌و سوننەتی ناهێڵێتەوە. چونکە دەسەڵات لەحیزبدا دەسەڵاتی تەنفیزی نییەو کاری کۆمپانیانیە بۆیە دەبێ هەڵبژاردن، واقیعی سیاسی‌و حیزبی بەچەشنی تەرجومە بکات کە ئەو کادرەی دەرناچێتەوە، نابێ کەسایەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لاواز ببێ بەتایبەت کە هەلومەرجی کاری حیزبی‌و ڕێکخراوەیی لەکوردستاندا پێچەوانەی وڵاتانی تر بەچەشنێکە کە گوزەران‌و دەسەڵاتی باش یان پلەو پایەو پارەو دەسەڵات بەنەمری دەهێڵێتەوە ئەم حاڵەتە هەتا سەر ناگوزەرێ چونکە دواجار پەیوەندی نێوان خەڵك‌و حیزب حوکم بەسەر ئەم ڕەهەندەدا دەکات. بۆیە پێویست دەکات حیزب ئەو زەمینەیە بڕەخسێنێ کە کادر ئەوەی لەناو حیزبدا هەیەتی کاتێ لەپرۆسەکەدا شکست دەخوات لەبوارەکانی گوزەران‌و پانتاییە کۆمەڵایەتیەکەدا نەیدۆڕێنی.

باشـتروایە كـە (ی. ن. ك) زەمینەیـەك بڕەخسێنێ كـە لـەجیاتی ئـەوەی بـەجۆرەی مینحـەو ئیجتیهـادی شەخـسی پـارەو پایـەو سـەیارە، بداتـە كـادران بـابیر لەدامەزرانـدنی بانقێكی حیزبی بكاتەوە كە تیایدا سەرمایە دابین بكات بـۆ كـادران كـە بـۆ لەمـەو دوا ئەوانـەی لەهەڵبـژاردن دەرناچنەوەو هیچ پۆستێكی حیزبیو حكومیان نییە، بـا لـەبوارە كۆمەڵایـەتیو ئابوریەكانـدا بـە گـەڕ بكـەونو لەجیاتی بەخشینی پارەو سەیارە بەشێوەیەكی ناعادیلانـە، بابە بەرنامەو شێوەیەكی یاسایی ئەو بانقە سەرمایە بداتـە كادران لەرێگەی قـەرزەوە بەبـێ سوو تـا گوزەرانیـان بـاش ببـێ بـێ ئـەوەی لەسـەر خـسابی (ی. ن. ك) درێـژەدانی دەستەگەری بـێ بەمـەش كـادران دەچنە قوڵای بـازاڕەوەو هەمیشەش لـەكاردا دەبـن بـۆ كـاری رێكخـراوەیو بەشـداری كردنیـان لەویـستگەكانی هەڵبژاردنـدا ئـەوەش (ی. ن. ك) دەربـازی دەكـات لـەو حاڵەتـەی كـە زەمینەیـەك بـێ بـۆ بـە مـشەخۆركردنی كەسـەكانی خـۆی. چونكە كاتـێ پرۆسـەی





هەڵبـژاردن دەبێتـە نـەریتی رێكخراوەیـی ئـەوا چانـسی هەڵسوران بۆكادران پێهـەڵادەباتو پرۆسـەی دەسـتاو دەسـت كردنـی ئاشـتیانەی پۆسـتە حیزبیـەكان طمـوحی سیاسـیو رێكخراوەیی لەلایەن ئەوانەی كـە دەردەچـن لەهەڵبـژاردنو ئەوانـەش كـە دەرناچـنەوە دەخولْقێنـێ. هـەر ئەوەشـە زینـدویی دەبەخـشێتە ژیـانی حیـزبو رێكخراوەكـانو لەدواجاردا وەك دامەزراوێكی كارێگەر لەگۆرەپانی سیاسـیدا بەردەوام نوێ دەبێتەوە.

بلاوكراوەی ئاوێنە ژمارە (٢٨) سێشەممە ٢٠٠٦/٧/١٨

# هەڵبژاردن ... هەستانەوە

وەرچەرخان لەدۆخێکی ناجێگیرەوە بۆ دۆخێکی جێگیر پێویستی بەبڕیاری عەقڵانیو هەلومەرجی گونجاوو پایەی کۆمەڵایەتی هوشیار هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ پرۆسەی هەڵبژاردن کە لەئێستادا لەناو ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی (ی. ن. ك) دەستی پێ کردووە بەناوەندی پەڕینەوە لەقۆناغێکی ناجێگیرەوە بۆ قۆناغێکی جێگیر لەقەڵەم بدرێ.

بڕیاردانو دەست کردن بەهەڵبژاردن ئەو ڕاستیەی سەلماند کە کۆی ئەو نوسینو توێژینەوەو بیرکردنەوە هەمەچەشنانەی لەدوو ساڵی ڕابردوودا لەناو (ی. ن. ك)دا سەریان هەڵدا نەك بێ ئاکام نەبوون بەڵکو دەرکەوت خزمەتێکی گەورەی بەخشیە ژیانی حیزبایەتی. چونکە لەدواجاردا کۆی بیرکردنەوە جیاوازەکان بەمەبەستی هەستانەوەیەکی گورجوگۆڵتر پرۆژەی هەڵبژاردنیان گەڵاڵە کرد.





ئەگەر حیزب بیەوێ بەشداری بکات لەپرۆسەی دیموکراسی.. سیستمی دیموکراسی لەوڵاتەکەیدا بەرقەرار بکرێ، ئەوا دەبێ خۆی پابەند بکات بەپرنسیپەکانی دیموکراسیەوە، یەکەمین هەنگاویش بەوە دەبێ کە ئامرازی هەڵبژاردن بکاتە پێناوی کاری سیاسیو حیزبایەتی خۆی تا ئەندامانی ڕابهێنێ بەژیانی دیموکراسی. لەڕاستیدا لەنێوان ویستگەکانی هەڵبژاردندا ماوەیەك هەیە ئەو ماوەیە جەمسەرێکی ئەوانەن متمانەیان وەرگرتووەو جەمسەرەکەی تریشیان ئەوانەن کە متمانەیان لێ سەندراوەتەوە، زانینی ماوەی نێوان ئەو دوو جەمسەرە یان زانینی ماوەی نێوان ویستگەکانی هەڵبژاردن وادەکات ئەوانەی متمانەیان وەرگرتووە لەوە بگەن کە ئەو ماوەیەی لەپۆستەکاندا کار دەکەن کاری باشو هەڵسوڕانو تواناو لێوەشاوەیی سەنگی مەحەکە بۆ هێشتنەوەی متمانەی ئەندامانی خوارێ ئەمەش وادەکات چالاکی هەڵسوڕان لەژیانی ڕۆژانەو لەکاری ڕێکخراوەییدا خەمی یەکەمو

ئامانجی سەرەكی بن ئەوەش هەمیشە حیزب تاودەداتو گەرموگوڕی دەداتە ئۆرگانەكانی چونكە لەڕابردوودا مەحەكی متمانەی لێپرسراوی حیزبی رازی كردنی سەرێ بوو كاری خوارێ گوێی پێ نەدەدرا، بەوەش ئۆرگانەكانو پەیوەندی نێوان لێپرسراوانی حیزبیو خوارێ كەم ببوەوە. ئەوانەش كە متمانەیان لێ سەندراوەتەوە لەبەر ڕۆشنایی زانینی ماوەی نێوان جەمسەرەكانی هەڵبژاردن گموحیان بەزیندویی دەمێنێتەوەو باوەڕ بەخۆكردن لەجیاتی كز ببێ گەشە دەكات بۆ ویستگەی داهاتووی هەڵبژاردن. بەمانایەكی تر ئۆرگانەكانی (ی. ن. ك) لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە لەسەر دوو پایە راگیر دەكرێن كە لەپرنسیپەكانی دیموكراسیدا بەكەمینەو زۆرینە لەقەڵەم دەدرێن واتە پایەیەك كەمینە دەبێ كە متمانەیان پێ نەدراوەو پایەكەی تر زۆرینەیە متمانەیان وەرگرتووە.

پایەیەك كە زۆرینەی متمانە پێ دراوە لەو ماوەیەدا تا هەڵبژاردنی دادێ كار دەكاتو هەڵسوڕانی گەرم دەبێ،





پایەكەی تر كە كەمینەی متمانە پێ نەدراوە خۆی حەواڵە دەكات بۆ هەڵبژاردنی دادێو لەڕێگەی خۆتاودانەوەیەكی نوێ ترەوە كە بریتی دەبێ لەهەڵسوڕانو خۆ پەروەردە كردنو هوشیاریو ئیش كردن. ئەمەش لەخۆیدا واتە هەردوو پایەكە بنەماكەیان بریتی دەبێ لەووزەی كاركردن بۆ گەشەپێدانی حیزبی بەهەموو بوارەكانەوە. بەمانای ئەوەی هەردوو پایەكەی كە ئۆرگانەكان رادەگرن تواناو كاركردنی یەكەمیان بۆ پاراستنی متمانەو دووەمیان بۆ پەیداكردنی متمانەیە. ئەم پرۆسەیەش لەمنداڵدانی خۆیدا هونەری سەركردایەتی كردنو هەڵسوڕانو چالاكی لەسلوكی كادراندا بەرهەم دەهێنێ.

لەڕاستیدا هەروەك چۆن یەكێك لەبنەماكانی دیموكراسی دەستورەو ئەوها هەڵبژاردن دەبێتە دەستورێكی كارپێكراو، وەك عورفێكی رێكخراوەیی (ی. ن. ك) كادرو ئەندامانی خۆی رادێنێ بەمەش پرۆسە لەدوای پرۆسەو ویستگە لەدوای ویستگەی هەڵبژاردنەوە رادەی وەلاو مەحسوبیەت

كز دەكاتو دواجار لەسروشتی خۆیدا تاڕادەیەكی نەمان كاڵی دەكاتەوە. پرنسیپی دەستاودەست كردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتیش كە لەژیانی دیموكراسیدا زامنی راگیربونیەتی ئاوهاش لەكاری رێكخراوەیدا پرنسیپی دەستاودەست كردنی ئاشتیانەی پۆستە حیزبییەكان دەبێتە نەریتێكی دیموكراسیو لەدواجاردا تەوافق رادێنێ لەنێوان زۆرینەو كەمینەی هەڵبژاردنەكاندا تاكو یەكتری پەسند بكەن بەمانای ئەوەی زۆرینە بوون (متمانە پێدراو)و كەمینە بوون (متمانە لێ وەرگیراو) دەبێتە عورفێكی سروشتی لەژیانی رێكخراوەییداو ئەندامانی حیزبو ئەوانەش كە دێنە ناو حیزبەوە ئەم دەستورەی كار كردنە بە وێنەی رەسەنایەتی حیزب پەسەند دەكەن، نەك ئەوەی لەڕابوردودا بە مەركەزی دانانی لێپرسراوی ئۆرگانەكان كاری پێ دەكرا. ئەمەش رێكخراوەكە (ی. ن. ك) دەكاتەوە بەو ئامرازەی كە لەبنەچەدا دانراوە بۆ ئامانجە ستراتیژەكان. لیرەوە (ی. ن. ك) ئامرازێك دەبێ بەردەوام





لەهەستانەوەو خۆ نوێكردنەوەدا دەبێ بۆ ئەو ئامانجانەی كە بەپێی سەردەمەكان دەست نیشاندەكرین. لەنەبوونی هەڵبژاردندا ووزەو فیكرو لێهاتوویی دەمرێو دانان لەسەرێوە جێ دەگرێتەوە بەمەش بڕیار لەناو حیزبدا مەركەزی دەبێ ئەمەش دوركەوتنەوە لەواقیعە كۆمەڵایەتیەكە بەرهەم دەهێنێ بەڵام لەرێگەی بە دەستوری كردنی هەڵبژاردن لەژیانی حیزبدا ووزەو لێهاتوییو هونەری سەركردایەتی كردنو بەڕێوەبردنو هونەری بڕیاردان پێهەڵدەباتو بڕیارو هەڵوێستەكانی كە حیزب وەریان دەگرێ گوزارشت دەكەن لەقوڵایی ئەو جەماوەرەی كە لەدەوری حیزب كۆ دەبێتەوە ئەمەش پتر جەماوەر گرد دەكاتەوە لەدەوری سیاسەتو هەڵوێستو بڕیارەكانی خۆی ئەگەر هەڵبژاردنی لەمەودوا مۆڵەتی دیاری كراوی خۆی هەبێ كە بەرای من لەدووساڵ زیاتر نەبێ ئەوا ئۆرگانەكانو ئەوانەش كە لێپرسراوی ئۆرگانەكانو ئەوانەش كە لەئۆرگانەكاندانین هەموو

پێكەوە (ی. ن. ك) دەكەنە دامەزراوەیەكی زیندو. لێرەوە دوا ئۆرگان كە كۆنگرەیە دەبێتە سەكۆیەكی كاریگەر لەوەرگرتنی بڕیارو هەڵوێستەكاندا، لەگۆڕانكارییە بنچینەییەكانو داڕشتنی ستراتیژی حیزب، گرنگی دانو كاركردن بە پەیڕەو بەرنامەی حیزب زیاد دەكات، بەمانای ئەوەی هەموو كارێكی حیزبی ڕێڕەوی دیموكراسیانەی خۆی وەردەگرێ ئەوەش (ی. ن. ك) دەكاتە ڕێكخراوێكی گورجوگۆڵو وەعایەك بۆ بەرهەمهێنانی كادری سەركردەو دوارۆژ، كە لەدواجاردا دەبێتە كۆڵەكەیەكی پتەو بۆ دامەزراندنو راگیركردنی پایەكاندا دیموكراسی لەكوردستاندا.

ئومێدی ئەوەش دەبەخشێ كە سەرجەم حیزبەكانی دی بە تەقلیدی دیموكراسیو بە ژیانی حیزبایەتی نوێ چەشنو پەرلەمانی لەقاڵب بدات.





هەر بۆیە هەڵبژاردنی ئەمجارەی (ی. ن. ك) هەڵبژاردنی هەستانەوەو وەرچەرخانی خۆییو كۆمەڵی كوردەواری پێك دێنێ.

# بایەخی هەڵبژاردنەکانی (ی. ن. ک)
# هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە

هیچ هەڵبژاردنێك نیە بێ كەم‌و كوڕی تەنانەت جاری وا هەیە هەڵەیەكی هونەری لەئالیەتی هەڵبژاردندا ئاراستەی هەڵبژاردن بە پێچەوانەوە دەسوڕێنێ ئەگەر ئەو وڵاتە لەلوتكەی پێشكەوتنیش دابێ. جاری وا هەیە ئاكامی هەڵبژاردن‌و تەنانەت هەڵاواردنی دەنگەكانیش دەبنە گرفت بەسەر بنەماكانی یاسای هەڵبژاردنی وڵاتەوە.

لەو سونگەیەوە هەڵبژاردن لەئێستای ئۆرگانەكانی یەكێتیدا كە بە قەناعەتی ئێمە بە كۆرپەی هەڵبژاردنی ژیانی حیزبایەتی دەژمێردرێ. نەك بێ كەم‌و كوڕی نابێ بەڵكو زۆرجار روداوی ناخۆشیش رودەدا. بەڵام ئەم رووداوانە بە هیچ جۆرێك گەورەتر نابن لەو ئامانجەی كە لەپشتی پرۆسەی هەڵبژاردنەوەیە.

لەڕاستیدا هیچ رێكخراوێكی سیاسی ناتوانێ بەبێ پەسەندكردن‌و پیادەكردنی بنەماكانی دیموكراسی لەژیانی رێكخراوەیی خۆیدا، بانگەشە، یان كار بكات بۆ چەسپاندنی بنەماكانی دیموكراسی لەسیستەمی سیاسی وڵاتاندا. بە





مانایەكی دی پێوانەی دیموكراسیبونی سیستەمی سیاسی هەر وڵاتێك، بە پێوەری دیموكراسیبونی ژیانی ناوخۆی حیزب‌و رێكخراوەكان‌و دامەزراوە مەدەنیەكانەوە دەپێورێ. دابڕانی حیزب لەمیكانیزم‌و بنەما دیموكراسیەكان دوربون‌و دابڕان دەگەیەنێ لەسیستەمی دیموكراسی وڵاتدا.

كەوابێ وەرچەرخان‌و جێگیر بوونی بنەماكانی سیستمی دیموكراسی لەو حیزب‌و رێكخراوانەوە دەست پێدەكات كە كەرەستەی پلورالیزمی سیاسی لەسیستمی دیموكراسیدا پێك دێنن. دیموكراتیزەكردنی ئۆرگانەكانی حیزب‌و رێكخراوە سیاسی‌و پیشەییەكان. سیستمی سیاسی لەوڵاتدا بە بنەماكانی دیموكراسی ئاوس دەكات.

سەركەوتنی سیستمی دیموكراسی لەوڵاتدا پەیوەستە بە پێگەیشتنی زەمینە كۆمەڵایەتی، سیاسی‌و ئابوری‌و كلتوریەكانی كۆمەڵگاوە. بە هەمان شێوە لەناو پارتە سیاسیەكانیشیدا ئەو فاكتەرانەی زەمینەی سیستمی دیموكراسی دەسازێنن، هەمان زەرورەتیان بۆ تاودانی ژیانی

دیموكراسیانەی حیزبو ڕێكخراوەكان دەبێ. لێرەوە هەڵبژاردنەكانی (ی. ن. ك) ئەو نائومێدیانە دەڕەوێننەوە كە بەهۆی هەڵەیەكی هونەری، یان پێك هەڵشاخانی چەند ئەندامێكەوە لەسەر كادرێكی پاڵێوراو یان لەسەر پایەو پۆستی ئۆرگانێكەوە دروست دەبێ. چونكە ئەگەر (ی. ن. ك) وەك بڕیاری داوە هەڵبژاردن ئەنجام بدات ئاوەهاش ماوەی نێوان ویستگەكانی هەڵبژاردن دیاری بكاتو لێبڕاوانە لەكاتی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام بداتەوەو ئەنجام دانەوەی سەر لەنوێی هەڵبژاردن بكاتە قەناعەتی زۆرینەی ئەندامانو كادرانی خۆی ئەوا لەرێگەی خۆ حەواڵەكردنەوە بۆ ویستگەی داهاتوی هەڵبژاردن ئەندامانو كادرانی متمانە پێنەدرا بە دابڕاوی لەژیانی حیزبو ئۆرگانەكان نامێننەوە.

دانكۆرت رۆستۆ★ پێی وایە سیستمی دیموكراسی بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێ كە تیایدا وەرچەرخانی





دیموكراسی دەگەیەنێتە پنتەكانی راگیربونەوە كە بریتیین لە:

١ـ قۆناغی دەستەبەربوونی یەكێتی نیشتمانی لەم قۆناغەدا ڕێكەوتنی گشتی نیە بەڵكو شوناسێكی سیاسی هاوبەش تەشكیل دەبێ لەلایەن زۆرینەوە.

٢ـ كۆمەڵگابە قۆناغی ئامادەیی (اعداد) (Preparatory phays) تێدەپەڕێ.

بەمانای ئەوەی وڵات لەم حاڵەتەدا بە قۆناغی ململانێی دورو درێژو یەكلانەبوەوەدا تێدەپەڕێ وە پێی وابە كە دیموكراسی لەمنداڵدانی ململانیداو تەنانەت جاری وا هەیە لەتوندو تیژیدا لەدایك دەبێ نەك بەرهەمی پەرەسەندنی ئاشتی بێ.

٣ـ قۆناغی بڕیاردان (Decision phays) لەم قۆناغەدا لایەنە ناكۆكەكان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن كە بگەنە چارەسەرێكو بنەماكانی دیموكراسی پەسەند بكەن

کە تیایدا هەموان مافی بەشداری کردنیان پێ بدرێ لەکۆمەڵگای سیاسیدا.

٤- قۆناغی راهاتن (التعود) (Habituation phays )

لەم قۆناغەدا کە لایەنەکان بڕیاریان داوە بە ناچاری بنەماکانی دیموکراسی پەسەند بکەن بۆ ئەوەی قەناعەتیان هەبێ یان بۆ ئەوەی ململانێکانیان بە کۆتاهێنابێ بەڵام جیلی دوای ئەوان ئەم جۆرە پێکەوە ژیانە دەبێتە قەناعەتیانو بەمەش دیموکراسی خۆی راگیر دەکات. ئەمەش بە (لبرنة)ی سیاسی واتە بەلیبرالیزەکردنی پرۆسەی سیاسی لەقەڵەم دەدرێ. واتە پەرەپێدانی ئەوانەی ئێستا هەن لەژیانی دیموکراسیو رەتکردنی گەڕانەوە بۆ پێشوو لە (تسلط) خۆسەپاندندا. ئەمەش لەقازانجی هێزە دیموکراسیەکان دەشکێتەوەو ململانێی نێوان لایەنەکان کۆتایی پێ دێ.

هەڵبەت تێگەیشتن لەئاسۆی ئەم هەڵبژاردنانەی ناو ئۆرگانەکانی یەکێتیو خوێندنەوەی کاریگەری ئەم





پرۆسەیە زۆر بیردۆزەی زانستی هەیە کە دەشێ لێیانەوە وەخوێنرێ بەڵام بەرای ئێمە ئەو چوار خاڵەی خرانە روو لەبیردۆزەکەی دانکۆرت رۆستۆدا کە بە بیردۆزی گواستنەوە (انتقالی) ناسراوە. تێگەشتنێکی تەواومان دەداتێ لەسەر چارەنوسی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بۆیە بەوردی لەسێبەری ئەم بیردۆزەدا ئەم هەڵبژاردنانە بەراوردو تاوتۆێ دەکەین. هەمیشە لەناو حیزبدا پۆستو پایە دەبنە ئامانجو ئامرازی وەرگرتنی پۆستو پایەکانیش لەغیابی ئامرازەکانی هەڵبژاردندا ژیانی حیزبی دەشێوێنێ، بەڵام کاتێ بڕیار لەسەر هەڵبژاردن دەدرێ ئامرازی کەسێتیو مەحسوبیەت جێی لەق دەبێو متمانە بەخشین لەخوارەوە جێی دەگرێتەوە. لەم هەڵبژاردنانەی ناو ئۆرگانەکانی (یەکێتی)شدا دەکەوینە بەردەم خاڵی وەرچەرخانەوە لەئامرازەکانی وەرگرتنی پۆستەکاندا. بۆیە لەچرکە ساتی یەکەمی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکاندا ئەوەی کە دانکۆرت رۆستۆ قسەی لەسەر دەکات سەبارەت وەرچەرخانەکانی

سیستمی خۆسەپێنەر (تسلط) بۆ سیستمی دیموکراسی. شێوازێکی زانستیانەش دەداتە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی ڕێکخراوو پارتە سیاسیەکانەوە. چونکە ئەگەر لەیەکەم چرکە ساتی وەرچەرخانی دیموکراسیدا کە ڕۆستۆ بەقۆناغی دەستەبەربوونی یەکێتی نیشتمانی دەیشوبهێنێ کە تیایدا زۆرینەی متمانە پێدراو شوناسی سیاسی هاوبەش دا دەڕێژێ لەو تێگەیشتنەوەیە کە ڕێکەوتنی گشتی نییە، بەئەندازەی ئەوەی لێك تێگەیشتنە لەسەر ئەوەی کە هەمووان بەشداری پڕۆسەیەك بکەن بۆ گەیشتن بە ئاكامێك کە زۆرینەو کەمینە لێك جیا بکرێتەوە. لەو سۆنگەیەوە هەڵبژاردنەکانی ئێستای یەکێتی بەقۆناغی ئەو ڕێکەوتنە دەچێ کە هەمووان دەیانەوێ تێ بگەن زۆرینەو کەمینە کامانەن تا پۆستە حیزبیەکانیان پێ بدرێ لەم حاڵەتەدا زۆرینە لەدواجاردا دەیەوێ شوناسێکی تر بەهاوبەشی لەگەڵ کەمینەی بەرهەم هاتوو لەهەڵبژاردنەکانەوە، بداتەوە بەحیزب. بەڵام هێمن تر





لەسەردەمی پێش هەنگاوی هەڵبژاردن تامیکانیزمەکانی کاری ڕێکخراوەیی تەجاوەزی تەشەنوجی رابوردوو بکات. بەمانای ئەوەی قوناغی یەکەم کە بڕیار لەسەر هەڵبژاردن دەدرێ مانای یەکێتی هاوڕابوون لەسەر حەواڵەکردنی جیاوازیەکان بەرجەستە بووە، ئینجا لەقۆناغی دوەم کە ڕۆستۆ بە قۆناغی ئامادەیی لەقەڵەمی دەدات، قۆناغی یەکلانەبوەوەیە بەڵام قۆناغێکە ئامادەیی هەمووان دەگەیەنێ بۆ لەدایك بوونی شێوازێکی دیموکراتیانەی کارکردن، کە تیایدا لەناوجەرگەی ململانێکانەوە بەهەموو کەمو کوڕیەکانەوە دیموکراسی لەدایك دەبێ. بەدیوێکی دیکەدا ئەنجام دانی هەڵبژاردنی ناوخۆی حیزب دانابڕێ لەژیانی وەرچەرخانی دیموکراسی لەسیستەمی دەسەڵاتدا. چونکە هەڵبژاردن پشێوی رابوردو بۆ قۆناغی روشن بونەوەو دورکەوتنەوە لەتەشەنوج وەردەچەرخێنێ ئەمەش ژیانی ناوخۆی حیزب تاودەداتەوەو تواناکان پتر گرددەبنەوەو هونەری لێهاتوییو سەرکردایەتی کردنی

کادران پێهەڵادەبات. لێرەدا هەروەك چۆن رۆستۆ پێی وایە دیموکراسی لەدایك دەبێ ئاوهاش لەناو حیزبدا دیموکراسی لەدایك دەبێ.

لەقۆناغی سێیەمدا کە قۆناغی بڕیاردانە لای رۆستۆ کە لایەنەکان بڕیار دەدەن هەمووان لەرێگەی بەشداری کردنەوە چارەسەری جیاوازیەکان بکەن‌و کۆی جیاوازیەکانی رابوردوو لەرێگەی بەشداری هەموانەوە کۆبەندێك لەووزەو هەڵسوڕان بدرێتەوە بە بەرحیزبدا. لەقۆناغی چوارەمدا کە رۆستۆ پێی دەڵێ قۆناغی (راهاتن): تیایدا لایەنەکان بنەماکانی دیموکراسیان قبوڵ کردوە ئیتر لێرەوە دیموکراسی لێك تێنەگەیشتنی رابوردوو دەپێچێتەوەو بە دوای خۆیدا کاتێك خەڵك‌و جیلی تر دێنە ناو کایە جیاوازەکانی ژیانی دیموکراسیەوە، ئەگەر پێش خۆیان چارەی یەکجارەکیشیان نەدۆزیبێتەوە لێ ناگەڕێن ژیانی دیموکراسی بۆ رابووردوی خۆسەپێنەر بگەڕێتەوە بەڵکو پەرە بە ئێستایان دەدەن‌و ئەو بنەمایانە دەبنە کلتورێکی تەواو عەیار بۆ پێکەوەهەڵکردن بەمەش بە





لیبرالیزەکردنی دەسەڵات پەرە دەگرێ. ئەم تێگەیشتنە هەڵبژاردن‌و تاودانی ژیانی دیموکراسیانەی رێکخراوەکانیش لەقاڵبی تیۆری خۆی دەدات بە مانای ئەوەی کاتێ هەڵبژاردن لەویستگەی یەکەمی خۆیدا کات‌و زەمەنی ویستگەکانی دوای خۆی دیاری دەکات لێرەوە توانا جیاوازەکان لەرێگەی پەسەند کردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەوە رادێن بە پێکەوە هەڵکردن‌و خۆ حەواڵەکردن بۆ ویستگەکانی‌و داهاتوو ئەمەش لەخۆیدا حیزب دەکاتە ئامڕازێك‌و زەمەنی بە میراتی کردنی پۆست‌و پایەکان رادەماڵێ‌و کۆت‌و بەندەکانی سەرکاری رێکخراوەیی کە دور لەبنەماکانی دیموکراسی دانرابوون لادەبا، کۆت‌و بەندیش لەسەر ئەوانە دادەنێ کە نەتوانن زۆرینەبوون بپارێزن تەنها لەرێگەی کاری باش‌و هەڵسوڕانی لیبڕاو نەبێ. بە مانایەکی تر زەمینەی خۆتاو دانەوەی کەمینەی بەرهەم هاتوو بۆ ویستگەکانی داهاتوو دەرەخسێنێ.

أ. د. محمد زاهي بشير المغيربي ـ التجديد ـ Arab reanwal

# پاشکۆ

## پێویستیی كۆنگرە

ڕەنگە، لەناو خەڵكو هێزە سیاسیەكانی كوردستاندا بەئەندازەی دەروونی حزبی، لەناو (ی. ن. ك)دا، پرسی تا ئێستا گرێ نەدانی كۆنگرە سەری هەڵدابێ. هۆیەكەشی ئەوەیە كەسەرەڕای ئەوەی بۆ هێزێكی گەورەی بەرپرسی وەك (ی. ن. ك) مەسەلەی كۆنگرە جیا لەوەی تەقلیدێكی كاری ڕێكخراوەییە پێویستییەكی ژیاری هەبێ، چونكە لەدوای كۆنگرەی یەكەمی خۆیەوە هەلومەرجە جیاوازەكان، ڕوداوە كوردستانیو ناوچەییەكانی كە بەچەشنێك لەچەشنەكان ئەو ڕێكخراوە بڕگەیەكی زیندوی هاوكێشەكانە، هەموویان پێكەوە، ئەركەكانی دیاری دەكەنو لەگێژەنی ڕوداوەكاندا جیا لەپرسی خۆڕاگریو ڕاسانی ئەو ڕێكخراوە، مەسەلەی سەرلەنوێ خۆگردكردنەوەی هەمە لایەنە بۆ توندكردنەوەی سیاسەتو لقو پۆپەكانی بەرپرسیارێتی سەرشانی، پتر پێویستی بەستنی كۆنگرە دەخەملێنن.





دیارە (ی. ن. ك) پاساوی بۆ نەبەستانی كۆنگرەكە هەیە. چونكە نەبەستنی كۆنگرە تاكو ئێستا، بەشێكی زۆری بەهۆی بەرەنگاریو بەرپەرچ دانەوەی دوژمنانو ناحەزانی ئەزموونە ڕزگارەكەی كوردستان بووە، كەپەیتا پەیتاو بەچەشنی جیاواز پیلانیان لەدژی (ی. ن. ك) ساز دەدا، ئەگەرچی دوژمنان نەیان هێشتوە بپەرژێتە سەر خۆگردكردنەوەی فكری، سیاسی، ڕێكخراوەییو. .هتد. بەڵام لەماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا گۆڕانە سیاسیەكان لێوەشاوەیی نەتەوەیی ئەو ڕێكخراوەیان سەلماندو، خەبات بۆ بەدیفاكتۆكردنی گوتاری نەتەوەیی لە (ی. ن. ك) زەق بووەوە.

زەحمەتە ڕێكخراوێك بەم هەموو ناحەزە ناوخۆییو ئیقلیمییە، بەم ستراتیژە نیشتمانییە، بەم هەڵوێستە سیاسیە پاكەی تا ئێستا دەقی پێ گرتوە خۆیو خەڵكی ئاراستەی بەرەنگاریو مانەوە كردوە بتوانێ چۆك بەتەوژمی ستراتیژی ئەنتی كوردیدا بدا ئەگەر زوو زوو

خۆی تەیار نەكاتەوە. ئا لێرەدا، كەدوژمنانی كوردایەتیو قەوارەی كوردی بەنەخشە جۆراو جۆرەكانی نەتوانن دیفاكتۆبونی گوتاری نەتەوەیی ئەو رێكخراوە كاڵ بكەنەوە، كۆنگرەیەكی مێژوویی پڕ بەها لەئەركی نیشتمانیو هەڵوێستی بەرەنگاری دەبنە سەردێڕی ئامادەكاری بۆ كۆنگرەو ئومێدە كوردیەكان لەباوەشی كۆنگرەیەكی كوردانە لەناوجەرگەی دۆخێكی هەستیاری كوردستانیو عێراقیو ئیقلیمی دا پاراو دەكرێنەوە، ئەم پێداویستییە هەمە لایەنانە كە بەهای خەباتو چەمكی رێبازی نیشتمانی تۆكمە دەكەن، دەهێنێ كۆنگرەیەكی سەركەوتوو بكرێتە كۆبەندی توندكردنەوەی ئەو گوتارەی كە (ی. ن. ك) خۆی بەباڵا گرتوە. . .

گومان هەڵناگرێ، ئاشكرا یان ژێر پەردە، ئەو هێزو لایەنانە، یان وڵاتانەی لەناوەڕۆكی گوتاری نیشتمانی (ی. ن. ك) حاڵین، مەبەستیانەو خەونیش دەبینن كە (ی. ن. ك) یان كۆنگرە نەبەستێ یان ئەگەر كۆنگرەش بكات، توشی





لێك ترازانێك ببێ لەریزەكانی خۆیدا. بۆیە بەتێڕوانینی ئێمە ناحەزانی كۆنگرە بەدوو ئاقاردا هەڵوەستە لەكۆنگرەی چاوەڕوانكراو دەكەن.

(ی. ن. ك) رێكخراوێكی پێشكەوتوخوازی دەرون دیموكراتەو لەسالارێتی بۆ تاك خاڵییە، هەركەس ئازادە چۆن رایەكانی لەپانتایی جەماوەرو رێكخستن دا دەخاتەروو، كەسایەتی سروشتی كادرانی لەخوارەوە تا سەرەوە پارێزراوە، لەم حاڵەتەشدا مەسەلەی ململانێ لەنێوان كەسایەتیە سروشتییەكاندا كە هەریەكەیان كە خاوەنی رای ئازادە دەبێ مینبەری خستنەڕوو و خستنەگەڕی وزەی سیاسیو رێكخراوەیش هێندە زیندوبێ، فەزای ململانێ دەبێتە نەریتێكی زیندوی رێكخراوەییو وا دەكات رای تاكەكەس بەزیندوویی حەواڵە بكرێ بۆ سەر سەكۆی گوتاری حزبی، ئەمە لەخۆیدا ململانێ، بەزەقی دەردەخات، دیمەنی ئەم ململانێ یەش لەدەرەوەی حزب دا لەدۆخێكی شڵەژاوی كوردستاندا سلبیانە لێك دەدرێتەوە،

ئەگەرچی ململانێی ناویەكێتی لەهەندێ حاڵەتدا خەریك دەبوو لەرێڕەوی پێشكەوتنخوازی خۆی لابدا كە ئەمەش بۆ خۆی پاساوی هەیە بەڵام پابەندی خوارێ بەسەرێو پشت ئەستوری سەرێ بەخوارێ لەناو (ی. ن. ك) چەمكی گوێڕایەڵی لەقاڵبێكی فكریو ژیاری دا داڕشتووەو وای كردوە هەموان بەئاگابن لەخەتەری بەدحاڵێبون لەململانێ. هەڵبەت هیچ حزبێك ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بكات كەململانێی ناوخۆیی، بازنادا بۆ مەسەلە زاتیەكانی ناو كادران، بەڵام هونەری زیندوییو لێبڕاوی لەنوێخوازی رێبازی حزبی دا، هەر زوو زاڵ دەبێ بەسەر زاتیەتی شتە لاوەكیەكانداو ئەركە مەبدەئیەكان بەگشتی كەلێنەكانی كاری رێكخراوەیی پڕدەكەنەوە. بەپێچەوانەی پارتەكانی ترەوە، وەلای خوارێ بۆ سەرێ بەهۆی بەرژەوەندی تاكەكەسو بزربونی گوتاری نەتەوەییو زاڵ بونی گوتاری بنەماڵە لەفەزایەكی حزبیدا كەبەرژەوەندی دەستەی دەسەڵاتدار یان بنەماڵە لەلوتكەی حزبەكەدا بەهۆی





بەرژەوەندییە مادییەكانەوە زاڵ دەبێ، زۆرجار حزبەكە توشی شكست دەكات، مەرجیش نیە شكست لەكاتی ئێستایدا خۆی تەرجومە بكات، بەڵكو ئەو تەرجومە بونە دەبێ هەلومەرجی گیرسانەوە بۆ سەقامگیربونی كۆمەڵگا، خۆی حەواڵە بكات. ئەو راستیە سەرانی حزبی لەو چەشنە پێشبینی دەكەن، بەڵام لەدەرگایەكی ترەوە قفڵی دەدەنو هەرچی لەتوانایاندایە تاوی دەدەن، تاكو هەلومەرجی ئێستای حزبی بپارێزن، ئەمەش لەسیفەتی حزبە موحافیزكارەكانە، بەپێچەوانەوە حزبە رەسەنەكانی لێبڕاوانە خۆیان ئاراستە دەكەن تا بەرهەمی زانستی بوونی كاری رێكخراوەییان لەئاییندەی دۆخەكاندا بچننەوە.

ئەم تێڕوانینە لەگەڵ هەلومەرجی حزبایەتی چ لەناو حزبەكاندا چ لەفەزای دەرەوەی حزبایەتیدا كۆكە. لێرەوە یەكێتی نەك ترسی لەململانێو ئاكامەكانی نییە بەڵكو وەك هێزێكی ئەزموندار سەودا لەگەڵ ئێستاو داهاتوو دەكات. كادرانی (ی. ن. ك) ئەو راستیە دەزانن بۆیە خۆیان

لەسەرێو بەپێچەوانەشەوە بە بەرپرس دەزانن لەسەركەوتنی كۆنگرەیەكی لەو چەشنەدا. ئەوەی كە كادری یەكێتی پێگەیاندووەو جەماوەری یەكێتی ڕێكخستوە ئەو بەها نیشتمانیانەن كە لەگوتاری ڕێكخراوەكەدا دەیبیننەوە، بۆیە وەلاو لەناو یەكێتی دا بۆ ڕێبازە نەك بۆ بنەماڵە، وەلاو بۆ ڕێبازیش قوربانی بۆ مانەوەو شكۆمەندی زیاتر دەكات.

ناحەزانی یەكێتی ئارەزو دەكەن كۆنگرە لەجیاتی ئەركە نیشتمانیو سەرەكییەكانی خۆی دوانگەی تەقینەوەی ململانێیەك بێ كە یەكێتی توشی هەڵدێر بكات، ناحاڵی لەوەی كە ئاوێتەبوونی حزوری یەكێتیو سەودای ڕێبازەكەی لەگەڵ پێكهاتەی حزبیدا بەچەشنێ نوسراوەتەوە كە رەنگە كۆنگرە باش بیسەلمێنێ كە ئەوە ململانێ ی ژیاریو پێشكەوتنخوازییە، فكرو خەباتە، ململانێ یە بۆ گردكردنەوەی یەكێتیو راوەشاندنی ئەو ئاساوارانەی كە خیانەتی ناحەزان بەسەر گەلەكەمانی دا





هێناوە، بۆیە ئارەزوی نەیاران چەشنێكەو واقعی پێكهاتەی ڕێكخراوەییو ڕێبازی (ی. ن. ك) شتێكی تر.

كۆنگرە لەبەردەم نوسینەوەی گوتارێكی بەرین دایە، دۆخە سیاسیەكە پڕ دیاردەو دەركەوتەی دیكەن، لەدوای كۆنگرەوە، پەرلەمان هەڵبژێردراو هەڵدێرا، شەڕی ناوخۆ داسەپا ناحەزانی یەكێتی وڵاتی ئیقلیمی نەما بەگژی دا نەكەن، كارەساتو خیانەتی گەورەی وەك ٣١ی ئاب رویدا هەولێر لەباوەشی گوتاری نەتەوەیی دەرهاتو درایە باوەشی گوتاری تەسلیم بوون، پارتی ئاشتی رەت دەكاتەوە، حكومەتی عیراق هەرماوەتەوە، Pkk بێ وەفا دەرچوو لەچوارلاوە كرایەوە بەگژی یەكێتی دا، هەر جارەی وڵاتێك، هەڕەشە لەیەكێتی دەكات لەسەر سیاسەتە نەتەوەییەكانی، كەركوك هەر بەعەرەب دەكرێ، ئەمریكا لێبڕاو نییە لەئاشتی بنەڕەتی لەكوردستاندا، پارتی لەسەر حسابی نیشتمانیی بوونی ئێمە مامەڵە بەمەسەلەی كورد دەكاتو بەكوردایەتی بەخەڵكی دەفرۆشێ! هەولێر هەر لەبن

دەستی پارتی دایە، ئیبراهیم خلیل هەر دەچێتە گیرفانی بنەماڵەوە. هەموو ئەمانەو چەندان برگەی تر ئەو هەلومەرجەن کەیەکێتی خۆی لەبەرامبەریان چەقاندووەو لەڕاسانی بەردەوامیش دایە. کۆنگرە دەبێ بەرنامەی نوسینەوەی گوتاری هەموو ئەم پرسانە بێو گوتارە کوردیەکەی خۆی بۆ ئەو پرسانەو لەپێناوی ئەو پرسانەدا بنوسێتەوە، نوسینەوەی گوتاری ئاوەهاش نەفەسی مەعریفیو هەناسەی قوڵو عەقڵی موحەنەکی دەوێ، لە ئەگەری نوسینەوەی ئەو چەشنە گوتارەشدا خەتەری گەورە لەسەر نەیاران دەخولقێ.

(ی. ن. ك) قوربانی زۆری داوە پشت ئەستور بەخەڵك تاکو بگاتە ئاسۆی بەواقیع گەڕانی گوتارەکەی. سەودای ئەم جارەی کۆنگرە هەستیارترو لێبڕاوترن.

تا ئێستا (ی. ن. ك) خۆی راگرتوە، سەرکەوتنی لەو کۆنگرەیە مانای داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی گەرمو





گورتر ئەمەش ترسو دڵڕاوکێی زیاتر دەخاتە دڵی ناحەزانەوە.

## ئەرکەکانی کۆنگرە

بەستنی کۆنگرە بەمانای سەرلەنوی داڕشتنەوەی گوتار، داڕشتنەوەی گوتاریش بەتوێژینەوەو رێکخستنەوەی ئەو ئەرکانە دەبێ کە حزبەکە لەناویاندا چەقی ئاراستەکردنی بەرنامەو دیاری کردنی ئەرکەکانێتی بۆیە ئەرکەکانی کۆنگرە بۆ داهاتوی یەکێتی دەکرێ لەم تەوەرانەی خوارەوەدا چڕ بکرێنەوە.

### ١ـ لەڕووی فکرییەوە:

پێویست دەکات کۆنگرە هەڵوەستە لەسەر رێبازی فکری (ی. ن. ك) بکات ئەویش لێکدانەوەی ئەو هاوسەنگیەیە کە لەنێوان رێبازی سۆشیال دیموکراتو پێکهاتی کۆمەڵگای کوردیدا بەرجەستە دەبێت، سەرەتای هەنگاوی لەو چەشنەش چۆنێتی هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە لەناو ریزەکانی (ی. ن. ك)دا چەند رێبازو کەرەستەی حزبی

لەسەرەوە تا خوارەوە کاریان لەیەك کردوەو تاکوێ ڕێکخستنو کادران لەناو ڕێبازی سۆشیال دیموکرات لەنگەریان گرتوەو ڕێبازی سۆشیال دیموکراتیش تا کام ئەندازەیە بەرگی کوردانەی بە بەردا کراوە؟ ئەگەر چی پاساو بۆ ئەو پرسانە هەیە بەڵام هەڵوەستەش لەسەر ئەوە پێویست دەکات کە ئایا چەند بیری (ی. ن. ك) گوازراوەتەوە ناو سیستەمی حوکمڕانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت لەبواری ڕێکخراوە پیشەییەکانو قوڵایی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەوەی کەپەیوەندی بە ئەو پەیوەندیە دیالێکتیکییەوە هەیە کەزەمینەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی لەگەڵ دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دا بەرجەستەی دەکەن؟ لێك بدرێتەوە، ئەگەرچی ئێستا مەسەلەی فیکر شتێکی لاوەکییە لەدیاردەو دەرکەوتە جیهانییەکاندا بەڵام مەسەلەی تێزی جیهانگیری کە بێ کاریگەر نەبوە بەسەر ڕەوتی فیکری ئەم سەردەمەدا بەتایبەت تێزی ڕێگای





سێیەم ئەمە جگە لەوەی کە دەبێ کۆنگرە لەسەر ڕەنگدانەوە سلبیو ئیجابیەکانی چەمکی جیهانگیری تێڕوانینی خۆی هەبێو لایەنی فکری لەسێبەری جیهانگیری دا بۆ سەر کۆمەڵگای میللەتە ژێردەستەکان بەهەند بگیرێ. . .

جیا لەوانەش بنەبڕکردنی ئەو ململانێ لاوەکییەی کە لەناوخۆیدا دیدی کادر لەفیکرو ڕێبازی ڕاستەقینە بزردەکەنو سەرگەرمی دەکەن بەهەڵسوڕانی نەخوازراوەوە چ نەخوازراوی خۆیی کادران چ نەخوازراوی حزبیو ڕێکخراوەیی.

٢- لەڕووی سیاسییەوە:

دەبێ کۆنگرە سەرلەبەری سیاسەتی (ی. ن. ك) لەماوەی نۆ ساڵی ڕابوردودا هەڵبسەنگێنێو پەنجە بۆ ئەو کەلێنانە ڕابکێشێ کە بەهۆی حەماسەتی نەتەوەیی لێی غافلگیربوین.

دیاره سیاسه‌تی یه‌كێتی له‌مه‌ڕ مه‌سه‌له جۆراو جۆره‌كانه‌وه درێژبووه‌وه‌ی پانتایی پێكهاته‌ی فكری‌و نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌یی خودی خۆیه‌تی به‌ڵام ئه‌و سیاسه‌ته له‌م سه‌رده‌مه‌دا ده‌ركه‌وت كه‌زۆرجار له‌ره‌هه‌ندی راسته‌قینه‌ی خۆیدا توشی پرینگانه‌وه ده‌بی به‌هۆی ئه‌و هێزه گوشار هێنانه‌ی (قوة الضغط) كه بارده‌بن به‌سه‌ر جوگرافیای نیشتمانه‌وه. واته ده‌بێ باوه‌ڕمان به‌وه هه‌بێ كه‌سه‌ركه‌وتنی مه‌سه‌له‌ی ره‌وای میلله‌ته‌كه‌مان له‌سه‌ركه‌وتنی حزبه‌كه‌مانه‌وه ته‌ماشا بكه‌ین له‌و حاڵه‌شدا لۆژیكی هێز په‌یدابون‌و پاراستن مه‌رجی مانه‌وه‌و سه‌ركه‌وتنمانه، ئه‌وه‌ش به‌تێفكرینی قوڵایی ئه‌و هاوكێشه سیاسیه ده‌بێ كه ئێمه برگه‌یه‌كی گرنگی لێ پێك دێنین واته ده‌بێ هاوسه‌نگییه‌ك بدۆزینه‌وه له‌نێوان پێكهاته‌ی نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌یی‌و فیكری (ی. ن. ك)و ئه‌و دیارده‌و ده‌ركه‌وته ئیقلیمی‌و عیراقی‌و نێوده‌وڵه‌تیانه‌ی كه كه‌م تا زۆر كاریگه‌ریان به‌سه‌ر ئێستاو ئاینده‌ی ره‌وشی





نه‌ته‌وه‌یی‌و حزبیماندا هه‌یه. سه‌ودای له‌و چه‌شنه‌ش به‌ئه‌ندازه‌ی ئاره‌زومان بۆ ده‌سته‌به‌ركردنی ستراتیژیمان، تاكتیكی زانستی‌و سیاسی ده‌وێ، تاكو بتوانین هه‌لومه‌رجی سیاسی ئێستاو دوا رۆژمان بۆ خۆمان (حزبه‌كه‌مان)و میلله‌ته‌كه‌مان بكه‌ینه‌وه ده‌ست گیران تا بتوانین ئاراسته‌ی كاروانی كاری سیاسیمان بگه‌نینه خاڵی سه‌قامگیربونی سیاسی‌و جوگرافی‌و ئابوریمان ئه‌وسا ده‌توانین، ئه‌و چوارچێوه نیشتمانیه ده‌سته‌به‌ر بكه‌ین كه سه‌رله‌نوی سه‌ودای خۆ له‌مه‌حه‌ك دانی پارته‌كانی تێدا بخه‌ملێنین. چونكه خۆژێركردنه‌وه‌مان به‌دروشمه لێبڕاوه‌كانمانه‌وه ئه‌گه‌ر بیر له‌تاكتیكی باش نه‌كه‌ینه‌وه بۆ سه‌ركه‌وتنی ستراتیژمان ئه‌وا ستراتیژی كۆنه‌پارێزو هه‌لپه‌رسته‌كان له‌سه‌ر جه‌سته‌ی مێژوو، ستراتیژو دروشمه‌كانمان، پانتایی گۆڕه‌پانی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌و هتد پاوان ده‌كه‌ن وه‌ك تا ئێستا تا راده‌یه‌ك! كردویانه‌و وای لێ هاتوه خه‌ڵك وه‌ك

ئەو پەندە كوردیە بپرسێ كەدەڵێ كێ دەیكاتو كێ دەیخوات؟!

**٢ـ لەڕوی پەیوەندییەكانەوە:**

(ی. ن. ك) وەك هەر هێزێكی سیاسی دیكە ناكرێ لەو پەیوەندییە دبلۆماسیانە خۆی دابڕێ كە پێداوێستییە سیاسیەكان دەیان خولقێنن، هەر بۆیە زۆرێك هێزو لایەنو دەوڵەت هەن كە لەسەر هەندێ بنەما پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵیاندا ئاراستە كراوە. ئەم پەیوەندیانەش جۆراو جۆرنو بۆ هەر یەكەشیان پاساوی تایبەت هەیە، بەڵام ئەوەی كە دەبێ كۆنگرە هەڵوەستەی دیسان لەسەر بكات ئەو پەیوەندیانەن كە یەكێتی بەئەندازە پێویستی بەرژەوەندی رەوشی رێكخراوەییو نیشتمانی سودی لێ وەرنەگرتون:ـ





**أـ پەیوەندی لەگەڵ هێزو لایەنە كوردستانیەكانی پارچەكانی كوردستان:**

بەو ئەندازەی (ی. ن. ك) پەرۆشی مەسەلەی نیشتمانیو كوردانەی پارچەكانی دیكەیە بەو ئەندازەیەش پەرۆشی بەردەوامی پەیوەندی خۆیەتی لەتەك ئەو هێزو لایەنانەی پارچەكانی دیكەی كوردستاندا. لەو روانگەیەوە هەقە یەكێتی چاوێك بەو پەیوەندیانەدا بخشێنێ كە لەجیاتی وەفای سیاسی بەزەرەر بۆی شكاوەتەوەو لەپێشەوەیاندا PKK. ئەگەر چی حزبی دیموكراتو كۆمەڵە لەسەرەتای داڕشتنی پەیوەندییە هەرێمایەتییەكانی (ی. ن. ك)دا جۆرێك لەدڕدۆنگیو مامەڵەی سلبیان نواند بەڵام دواجارو بەهۆی روداوەكانەوە خەمەكانی (ی. ن. ك) تا رادەیەك چوە ناو تێگەیشتنی سیاسی ئەوان. بەڵام PKK لەجیاتی هەڵوێستێكی پۆزەتیڤانە بێ وەفایانە مامەڵەی كرد، ئەم جۆرە مامەڵەی PKK لەخۆڕا نییە، تا ئێستاو لەماوەی ١٠ ساڵی رابوردودا PKK، كادرو لایەنگرانی خۆی لەزەمەنی

تەوازوعی (ی. ن. ك)، دوژمنكارانە رادەهێنا، (ی. ن. ك) ئەمەی باش دەزانی كەچی پاڵپشت بەبەهاكانی كوردایەتیو نیشتمانی بونی خۆی درێژەی بەو تەوازوعو نەرمییە دەداو PKK لەژێرەوە بێ رەحمانە تەقەلای ئەنتی یەكێتی درێژە پێدەداو دواجار قۆزاغەی تەنگاوی PKK بە پاكی (ی. ن. ك) دڕاو لەباوەشی ناحەزانی (ی. ن. ك)و ئەزمونە رزگارەكەی كوردستانی فیدراڵ پڕی دایە جەستەی (ی. ن. ك)، بۆیە حەقە ئەم تاقیكردنەوەیە نمونەیەك بێو بگرە پێوانەیەك بێ بۆ پەیوەندییە ناوخۆییەكان لەسەر ئاستی چوار پارچەكانو بۆ پەیوەندییە هەرێمایەتییەكانیش كەپەیوەندییەك هەڵنەچنین لەجیاتی دەستكەوتی سیاسیو نیشتمانی خۆمان توشی قەپاڵی (گاز)ی ژەهراوی دۆستان بكەین دەبێ لەمەودوا مانەوەی خۆمان لا گرنگتر بێ لەژێركردنەوەی دۆستە بێ نمەكەكانو پێویستە پێشوەختە بنەمایەكی پتەو خوێندراوە بۆ پەیوەندیەكانمان دابڕێژین.





## ب ـ پەیوەندییە هەرێمایەتیو عیراقییەكان

### ١ـ پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراقی:

ئەوەندە دارشتنی بنەما بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن گرنگە كەروكنێكی ئاسۆی ستراتیژمان پێك دێنێ، بنەماكانیش، لەپێشەوەیاندا مەسەلەی كەركوكە كە یەكێتی سەرمەشقی بەزیندویی مانەوەو پێهەڵابردنیەتی هاوشانی ئەوەش هەڵوێست لەسەر مەسەلەی دیموكراتی بۆ عیراقو شێوەی سیستەمی فیدراڵییە كە دەبێ ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرجەم حاڵەتەكان لەگەڵ ئێمەدا یگەنە لێك تێگەیشتنێكی ئەوتۆ كە مێژوو لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەغدا خۆی دوویارە نەكاتەوەو كاتی ئێستا لەهەر زەمەنێك گونجاوترە، بۆیە چەندە ئەو بنەمایانە تەعبئەی ناوخۆییو نێودەوڵەتی دەوێ هێندەش گەرەكیەتی بەگوێی ئۆپۆزسیۆندا بچرپێنرێنو لەسەری ساغ بكرێتەوەو لەوەوە پەیوەندییەكانمان گرێبدەین چونكە ئێمە لەسەر خاكی رزگاردراینو ئەوان زیاتر پێویستیان ئێستا بە ئێمەیە لەئێمە بۆ ئەوان.

**٢ـ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیم دا :**

یەكێتی تاكە لایەنی كوردییە كە لەپەیوەندییە ئیقلیمییەكانی دا قوربانی زۆری داوە. ئێستا جێی خۆیەتی كۆنگرە لەو روكن و رەگەزانە بكۆڵێتەوە كە بۆ هەریەك لەوڵاتانی ئیقلیمی بەشێوەی جیاجیا دەبنە هۆی بەرجەستەكردنی دبلۆماسیەتێكی ئەوتۆ كە هاوسەنگییەك لەنێوان حزوری ئەوان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانی ئێمەدا پەیدا دەكەن.